

# ئەفسانە و مێژوو

عەبدولحسین زرین کوب

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: وریا فائق

.................................................................

ئەرستۆ لەو روانگەیەوە مێژووی لەخوار شیعرەوە دادەنا، کەمێژوو سەروکاری لەگەڵ واقیعە (جزئی) و فەردەکاندا هەیەو بەبڕوای ئەو (ئەگەری بوون) یاخود (ئەگەری رووداو) لەم جۆرە واقیعیانەدا شتێکی حەتمی و پێویست نیە.

ئەمەلەکاتێکدا شیعر دەست و پەنجەنەرم کردنە لەگەڵ واقیعی هەمەکی و گشتگیرتردا شیعر هەڵس و کەوتکردنە لەگەڵ کاروبارو کردارگەلێکدا کە (ئەگەری هاتنەبوون) یاخود (گریمانەی رووداویان) دەکرێت، هەربۆیە ئەرستۆ شیعری بەفەلسفیانەتر دەبینی بە بەراورد بەمێژوو.

ئایا مێژوو وەکو ئاوێنە وایە، جیهان بەوجۆرە دەخاتەڕوو کەهەیە، یاخودبە واتایەکی ووردتر، جیهان وەك خۆی پیشان دەداتەوە، یان بەوجۆرە دەیخاتەڕوو کەلێڵی و روونی ئاوێنەبواردەدات؟ یان نەخێر، مێژوو وەکو پێوانە (تەرازوو) ە و هەڵسەنگاندن بۆ کردارو رەفتاری کەسەکان دەکات و لەسۆنگەی بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیەوە بڕیاریان لەسەردەدات؟ ئەوەی لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا بە (فەلسەفەی مێژوو) نێودەبرێت خۆی لەخۆیدا هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە و بۆ شیکارکردنی پرسی (چییەتی مێژوو).

وا دەردەکەوێت ئەو وەلاٌمەی ئەرستۆ لەسەر ماهیەتی مێژوو خستیەڕوو، یاخود ئەو دیدەی ئەرستۆ هەیبوو لەسەر مێژوو، مشت و مڕێکی مێژوویی هێنابێتەگۆڕێ لەبارەی ئامانج و ماهیەتی مێژووەوە.

ئەوەی ئەرەستۆ شیعری لەسەرووی مێژووەوە دادەنا، بۆخۆی دەرخەری ئەو راستیە حاشا هەڵنەگرەیە کە ئەم فەیلەسوفەی یۆنان کۆمەڵە ریوایەتە حەماسییەکان و گێڕانەوە ئەفسانەییەکانی وەك مێژوو مامەڵەدەکرد، لەسەردەمی ئەرستۆدا مێژوو جگەلەو گێڕانەوە ئەفسانەیە نەیدەتوانی بریتیبێت لەشتێکی دی، هەربۆیە لەدیدی ئەودا نەدەتوانرا مێژوو لەئاستی هونەری شیعریشدا دابنرێت.

ئەم دیدگایە بەدینانەیە لەمەڕمێژوو بەناو سەردەمەکاندا شۆڕبووەوەو وەك میراتێکی کۆن بۆ فەیلەسوفەکانی دوای ئەرستۆ مایەوە، تەنانەت لەسەردەمی -دیکارت-یشدا کە ئیدی مێژوو سنورە سەرەتاییەکانی پێش ئەرستۆ و سەردەمی ئەرستۆشی تێپەڕاندبوو ئەم جۆرە دیدگایە کاریگەری خۆی هەرهەبوو بەتایبەت لەسەر فیکری دیکارت، هەرچەندە باوکی فەلسەفەی نوێی ئەوروپا لەکتێبی (گفتار درڕوش) هوشیاری و ئاگایی لەسەر رووداوە گەورە و گرنگەکانی رابوورد و بەشتێکی باش دەزانی بۆ پەروەردەکردنی لایەنی عەقلانی لەژیانی مرۆڤدا، بەلاٌم لەهەمانکاتیشدامێژووی وەك ئەفسانە سەیردەکرد، پێیوابوو مرۆڤ بەمێژوو شت گەلێکی نامومکین دەکات بەمومکین، یاخود بەواتایەکی تر، ئەوکاروکردەوانەی کەڕوودانیان لەسەرزەمینی واقیعدا نامومکینە، لەگێڕانەوەی مێژودا وەك مومکین پیشان دەدرێن و دەخرێنەڕوو.

دیکارت پێیوابوو مێژوونوس، رووداوەکان گەورەتر یاخود بچوکتر لەقەبارەی خۆیان نیشان دەدات، مەبەستی مێژوونووسیش لەم کردەیە ئەوەیە هەست و سۆزی خەڵك بۆلای بابەتەکەی خۆی رابکێشێت (نەوەك بۆلای رووداوەکان بەوجۆرەی هەبوون و روویاندا)، (هەرکەسێك نموونە و بەڵگە مێژووییەکان بکاتە سەرمەشقی ژیانی خۆی، ئەوا ئەم کردەوەیەی وەکو شێتێتی ئەو کەسانە وایە، کەپاڵەوانانی ئەفسانەکان دەکەن بەسەرمەشقی خۆیان).[١]

( یەکێك لەلایەنگران و هەوادارانی مالبرانشی فەیلەسوف (١٧١٥ – ١٦٣٨) دەگێڕێتەوە کە: پەیوەندی لەگەڵ مالبرانشدا زۆرباش بووەو تەنانەت ڕێز و حورمەتێکی زۆریش لەنێوانیاندا هەبووە، بەلاّم کاتێك ئەم فەیلەسوفە ئەم هەوادارەی خۆی دەبینێت،کە مێژووی تۆکسیدیدس.[٢] دەخوێنێتەوە، ئیدی پەیوەندی نێوانیان تێکدەچێ و مالبرانش ئەم هەوادارەی خۆی لەبەرچادەکەوێت)، بەلاّم لەگەڵ هەمووئەمانەشدا، بە بەرەوپێشەوەچوون و کاملّتربوونی (نوسینەوەی مێژوو) هێدی هێدی ئەم بەدبینانە سەبارەت بەمێژووکاڵ بوونەوە و تەنانەتکارگەیشتە جێگایەك فەیلەسوف و ڕەخنەگرێکی وەك بێندیتوکرۆچە (١٩٥٢ – ١٨٦٦) مێژوو بەفەلسەفە وەسف بکات و پێداگری لەسەر ئەوەبکات فەیلەسوف مێژوو نووسەو هەرمێژوونووسێکیش لەهەمانکاتدا فەیلەسوفە، کرۆچە مێژووی وەك فەلسەفەیەکی جولاّو (متحرك) نێودەبرد، تەنانەت ئەم ووتەیەشی پەسەندکرد کە(مێژوودەبێت لەلایەن فەیلەسوفەکانەوە بنوسرێت).

بەهەرحاڵ ئەو مشت و مڕو لێکۆڵینەوانەی لەدوای ئەرستۆوە لەبارەی مێژووهاتنەگۆڕێ، زیاتر لەدەرگای ئەم پرسەیان دەدا، کە ئاخۆ مێژوو زانستەیان فەلسەفەیە؟ شیعرە یاخود حەقیقەتە؟ ئامانجی هەیە یان بێ ئامانجە؟ هەرئەم پرسیار و گفتوگۆیانەبوون، سەرئەنجام زەمینەی پەیدابوونی (فەلسفەی مێژوو) یان ڕەخساند.

پەیوەندی نێوان مێژوو شیعر کە ئەرستر لەهونەری شیعردا باسی لێوەدەکات، خۆی لەخۆیدا گوزارشت لە دیدگای گشتی خەڵکی یۆنان دەکات لەسەر چییەتی مێژوو لەو ڕۆژگارەدا، (نزیکی مێژوو لەشیعر و ئەدەب) ئەوەی کە ئەرستۆ چیرۆکی بە بنەماوخاڵی سەرەکی دادەنا لەشردا، نیشاندەری ئەو ڕاستیەیەکە حەکیمی یۆنان مەبەستی گونجاندن و نزیکردنەوەی مێژووە لەچیرۆك، لەراستیدا ئەم هاوگونجان و نزیکییەی نێوان مێژوو چیرۆك لەئەدەبیاتی ئێمەشدا بەرچاو دەکەوێت[٣]، مێژوو چیرۆك (گێڕانەوەی مێژوویی و گێڕانەوە بەشێوازی چیرۆك) لەهەندێك لەریوایەتە ئەفسانەییەکانی ئێرانی کۆندا لەپاڵ یەك دەدودێن و بێ جیاکردنەوە وەك یەك سەیردەکرێن.

بۆ نموونه(مجمل التواريخ و القصص) ياخود لەقورئاندا ئـەوەی لـەبارەی حـاڵی پەيامبـەران و گـەل و نەتـەوە جياوازەكانـەوە وتـراوە بەچـيرۆك (القـصص) نـاودەبرێن، بـەلاّم لەديـدی گـشتی موسوڵمانانەوە بەمێژوو دەژمێردرێت، هەروەها لەشانامەی فيردەوسيـشدا ئـەوەی وەك داسـتان و بەشێوازی چيرۆك نەقڵكراوە، لەهەندێك جێگـەدا لای خـودی شـاعير مانـای مێـژوو و گێڕانـەوەی واقيع لەخۆ دەگرێت.

هەردەبارەی پەيوەندی (چيرۆك و مێژوو) بەيەكديەوە، خراپ نيەگـەر ئـەم گوتەيـەی ڤـولتێر وەك نمونـە وەربگـرين، ڤـۆلتێر دەڵێـت : (مێـژوو، چـيرۆكە، بـەلاّم چـيرۆكێك كـە وەك راسـتی- حەقيقەت- دەگێڕدرێتەوە، ئەمە لەكاتێكدا چيرۆكێك مێژوويـە كـەوەكو درۆو شـتێكی دوورلـە راستی دەگێڕدرێتەوە) بـۆ زيـاتر روونكردنـەوەی ئـەم ووتەيـەی ڤـۆلتێر دەتـوانين بلـێين : (مێـژوو بەجۆرێك لەجۆرەكان رۆمانە، بـەلاّم رۆمانێكـە پاڵەوانـەكانی بـوونێكی واقيعـی و راسـتەقينەيان هەيە، لەكاتێكدا رۆمان مێژوويەكە پاڵەوانەكانی كەسايەتی خەياڵين و لەواقيعدا بوونيـان نـەبووە و نييـە), هـەر لەبـەر ئەمەيـشە مێـژوو و چـيرۆك لـەزۆر جێگـەدا لەيـەك مانـادا دەتوێنـەوە و هەردووكيان يەك واتا لەخۆدەگرن.

ئايا ژان پۆل سارتەر بڕوای بەيەكێتی مانای مێژوو و چـيرۆك نـەبوو (هـاو واتـايی مێـژوو و چـيرۆك) كـە لەچـيرۆكی (غثيـان)[٤] دا نووسـيبوی : (مـرۆڤ هەميـشە گێـڕەرەوەی چـيرۆك و حيكايەتەكانە و هەميشە لەنێوان چيرۆكی خودی خۆی و ئەوانی تردا دەژيت)؟

لەراستيدا هيچ شتێك بەوێنەی (سروشت) كە لەهەموويەكەوە گەمارۆی مرۆڤی داوە و هيچ شتێكيش هێندەی رابووردوو، كە بەردەوام وەكو سـێبەر بـەدوای مرۆڤـەوە بـووە هەسـتی زانين و بەدواداچـوون لەمرۆڤـدا ناجولێنێـت (سروشـت و رابـووردو هەميـشە بابـەت بوونـە لەبەرامبـەر هوشياری مرۆڤـدا)، مـرۆڤ لەتـەواوی قۆناغـەكانی بەرەوپێشـچونی ژيانيدانـەيتوان وەو ناتوانێـت لەبەرامبـەر ئـەم دووبابەتـەدا (سروشـت و رابـوردو) بـێ هەڵوێـست بێـت، چـونكە هـەردووكيان پەيوەنـدی تـەنگاو تـەنگيان لەگـەڵ ژيـانی مرۆڤـدا هەيـە، هەرئـەم پەيوەنديـە بەردەوامـەی (رابردووسروشت) بەمرۆڤەوە بۆخـۆی دەبێتـەهۆكارێك كەمێـژوو شـان بەشـانی شـيعر و چـيرۆك و ئەدەب سەرهەڵبدات و بەچەشنێك لەشيعر و چيرۆكەوە نزيك بێت، زۆرجار يەك مانا لـەخۆبگرن و

یەك ئەركیان هەبێت، بەتایبەتی لەقۆناغەكانی سەرەتاداجیاكاری لەنێوانیاندا كارێكی سەخت بوو (شیعر و ئەدەب لەو قۆناغانەدا راستگۆترین دەربڕینی هەست و سۆزی مرۆڤ بوون لەسەر ژیانی خۆی و سروشتی دەوروبەری) ئەمەوە وەك ئاماژەمان پێكرد هەرچەندە مێژوو لەچیرۆك و شیعرەوە نزیك بوو، بەلاّم هێدی هێدی رێگەی خۆی جیاكردەوە و بەرەو (حەقیقەت) و گێڕانەوەی راستیەبینراوەكان رووبهێنا، ژان ژاك رۆسۆ لە شوێنێكدا ووتبووی : (مەبەست لەمێژوو ئەوەیە، لەنێوان چەندین درۆ، ئەو درۆیە هەڵبژێرێت و بگێڕدرێتەوە، كە لەراستیەوە نزیكترە ئایا هەرئەم ووتەیەی رۆسۆ بەڵگەنیە لەسەر رووهاوردنی مێژوو بۆ (حەقیقەت) وگێڕانەوەی راستی (گێڕانەوەی ئەوشتەی ئەگەری حەقیقەتبوونی زیاترە).

لەگەڵ ئەوەی مێژوو وەك زانستێك لەرۆژگاری ئەمڕۆدا دەستاوردو دەستكەوت گەلێكی زۆری بۆ مرۆڤ هێناوەتەوە بوون لەسەر رابووردوو، بەلاّم تاوەكو ئێستاش مشتومڕ و لێكۆڵینەوە لەبارەی بەهای مێژوو و شێواز و میتۆدی لێكۆڵینەوەی مێژوو چۆنیەتی نووسینەوەی مێژوو هەربەردەوامە، هۆكاری بەردەوام بوونی گفتوگۆكان لەسەرمێژوو دەگەڕێتەوە بۆ دووخاڵی گرنگ، یەكەم : مرۆڤ هەمیشە چاوەڕوانی ئەوەی لە مێژوو كردووەكەزانیاری راست و دروستی پێبدات لەسەر رابووردووی خۆی و هەستی زانیین و بەدواداچوونی تێربكات، دووەم: ئاسۆی بینینی لەدۆخی ئێستادا و لەبارەی ئێستاوە فراوانبكات و بەرچاوروونی پێبدات لەسەر ئاینده، زیاد لەمە، دەستەیەكی دیكەهەن خاوەن دیدێكی سەیر و خەیاڵ پلاّون لەسەرمێژوو، ئەم دەستەیە بەدوای چێژو لەزەتی هەست و مۆزن لەمێژوو، یاخود بەواتایەكی تر ئاسودەكردنی زهن و خەیاڵیان لەمێژوودەوێت.

ئەمانە چاوەڕوانی ئەوە لەمێژوونووس دەكەن، كەلەژیانی پڕلەخەم و كەسەری ئێستایان ڕزگاریان بكات و بیانگوازێتەوە بۆ نێو چیرۆك و رووداوە سەیرەكانی رابووردو، یەكێك لەمێژوو نووسانی ئێران.[٥] لەشوێنێكدا كە سوودەكانی مێژوو دەژمێرێت پەنجەدەخاتە سەرهەمان خاڵ كە مێژوو بەجۆرێك لەجۆرەكان گێڕانەوەی حیكایەتی سەیرەلەبارەی رابووردووەوە، جۆرێكە لەكات بەسەربردن و سەرقاڵبوون، سەرقاڵبوونێك كە هاوكاری مرۆڤ دەكات تاوەكو بۆ ماوەیەك لەغەمەكانی دووركەوێتەوە و سەختی و نارەحەتییەكانی ژیانی بەئاسانی تێپەڕێنێت.

ئەم جۆرە تێگەیشتنە لەمێژوو ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە لەمێژوو کە پێیوایە سوودی مێژوو سەرقاڵ بوون و کات بەسەربردنە(تفریح) هەر هەمان جۆری بیرکردنەوە و تێگەیشتنە، کە مێژوونووسی بەناوبانگ (پۆلیبیۆس) لەکاتی قسەکردن لەسەر مێژوونوسانی رابوورد و بەتوندی رەخنەی ئەم خاڵەی لێگرتبوون، چونکە ئەم مێژوونووسانەبە گوروتینێکی زۆر و بەسۆزێکی شاعیرانەوە چیرۆکی سەرکەوتنەکانی مانیپاڵیان دەگێڕایەوە، پۆلیبیۆس ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کەگێڕانەوەی رووداو بەم شێوازە کاری مێژوونووس نییە.

بەبڕوای ئەو نابێت مێژوونووس هەمان ئامانجی شاعیر یاخود درامانووسی هەبێت چونکە ئامانجی ئەم دووانە جولاندنی هەست و دروستکردنی سۆز و عاتیفە لەبەرامبەردا مێژوو دەبێت تەنها یەك ئامانج لەپێش چاوبگرێت، فێکردنی راستی و گێڕانەوەی حەقیقەت.

هەرچۆنێك بێت، مێژوو لەدێرزەمانەوە هەندێك جار وەك ئاوێنەی پەندو عیبرەت باسکراوە، و هەندێك جاریش وەك پێوانە (تەرازوو) سەیرکراوە بۆ هەڵسەنگاندنی کردارەکانی مرۆڤ، لەراستیدا هەرئەم چاوەڕوانیە گەورانەی کە مرۆڤ لەمێژووی هەبوو جۆرێك لەخودئاگایی و هوشیاری لەسەرخودی لەمێژوودا دروستکرد، بەواتایەکی وردتر، عەقڵێتی مێژوویی چی تر ئەو عەقڵێتە سادەیە نەبوو کە تەنها بەگێڕانەوەیەکی سادەی رووداوەکان هەستێت، بەڵکو لێرە بەدواوە دەبێت بەعەقڵیەتێك نەك تەنها میتۆدێکی دڵنیای دەوێت بۆ نووسینەوەی مێژوو، بەڵکو بەتەواوی دەڕواتە نێو ناوەڕۆکی رووداوە مێژووییەکانەوە و دەیەوێت لەماناو مەبەستی رووداوەکان تێبگات.

(چی روویدا؟ بۆ روویدا؟ بۆ بەوشێوەیە روویدا؟ بۆ دەبووهەربەوشێوەیە رووبدا؟ رووداوچییە؟ دەرئەنجامی رووداوچییە؟) و (لەکۆتایشدا چۆن رووداو یان ئەوەی روویدا بگێڕدرێتەوە وگوزارشتی لێبکرێت؟) ئەمەش واتا لەدایکبوونی فەلسەفەی مێژوو[٦] ئەوەی ئەرستۆ لەبارەی جیاوازی نێوان شیعر و مێژووەوە خستبوویەروو، دواتر لەلایەن رەخنەگران و فەیلەسوفەکانی دوای ئەوەوە هەمان شت درێژەی پێدرا، هەرلەشیشرۆن و کینتیلینەوە تاوەکو بیریاران و رەخنەگرانی سەردەمی رێنیسانس بیروڕاکانی ئەرستۆیان لەبابی جیاوازی شیعرومێژوودا دووبارە دەکردەوە.

جیاوازی لەنێوان کاری شاعیر و کاری مێژوونووس لە دیدی ئەرستۆوە دەتوانرێت لەکتێبی (اخلاق نقوماخس) دا ببینرێت، لەم کتێبەدا ئەرستۆ پێداگری لەسەرئەوە دەکات، هونەر سەروکاری لەگەڵ داهێنان دایە، لەکاتێکدا زانست دەستوپەنجە نەرم کردنە لەگەڵ کەشفکردن و زانیندا (زانینی شتێك کە پێشتر هەبووە، لەرێگەی ئەزمونیەوە)، ئەرستۆ دەیەوێت، ئەوەمان پێبڵێت، لەبەرئەوەی مێژوو داهێنان ناکات هەربۆیە ناچینە ریزی کایەکانی هونەرەوە، چونکە لەراستیدا بابەت و پرسە پەیوەندیدارەکان بەمێژوو دەرۆنەریزی بابەتی پەیوەندی دار بەکایەکانی زانینەوە، بەلآم زانینی (جزئیات) کاتێکیش لە (هونەری شیعر) دا ئەرستۆ شیعر بە فەلسەفیانەتر لەمێژوو دادەنێت هۆکارەکەی هەر ئەوەیەکە، لەدیدی ئەو زانین لەمێژوودا تایبەتە بەشتی (جزئی) و (فەردیەوە).

نووسراوە ئەفسانەیی و تراژیدیایەکانی یۆنانی کۆن، ئەگەر نەڵێین هەموویان، ئەوا زۆربەیان بەرمەبنای رووداوێکی واقیعی و بەپشت بەستن بەمێژوو نووسراونەتەوە، بەلآم لەبەرئەوەی خەیاڵ و زهنی گێرەرەو (شاعیر) زیادەرەوی زۆری تێدا دەکرد، هەربۆیە واقیعە مێژووییەکان لە دووتوێی ئەفسانەکاندا ون دەبوون، ئەم وون بوون و توانەوەیەی مێژوو لەئەفسانەدا بەچەشنێك بوو، کە لەلایەکەوە باوەرکردن بەرووداوێکی مێژوویی ئەستەمتردەکرد و لەئەدەبیاتی ئینگلیزیشدا، تاوەکو سەرەتای سەدەی بیستەم زیاد لە سەدوپەنجا (شانۆنامە) بەرمەبنای رووداوی واقیعی و بەپشت بەستن بەمێژوو نووسرابوونەوە، ئەمە جگە لەئەدەبی رۆمانسی و قوتابخانە ئەدەبیکانی تر.

خاڵێکی تر کەشایەنی ئاماژە بۆکردن بێت، ئەوەیە کە ئەفسانەی خوداکان و ئەفسانەی پاڵەوانان کە لەنێو زۆربەی گەل و نەتەوەکاندا هەبووە، ناتوانرێت تەنها بەداهێنانی فیکری نووسەرەکانیان یاخود گێرەوەکانیان دابنرێت، بەڵکو بەشێك لەراستەقینەی تێدایەو رووداو یاخود واقیعێکی مێژوویی ئیلهام بەخش بووە بۆیان.

جامبا ئیستا ڤیکۆ ( ١٧٤٤ – ١٦٦٨) لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوەیەکی سەرنج راکێشی ئەنجام داوە، ئەو دەڵێت: (لەبەرئەوەی مرۆڤی سەرەتایی هێزوتوانای بیرکردنەوەو داهێنانی سنوردار بووە، کەوابوو ئەفسانە داهێنانی بیری ئەو نییە، بەڵکو لەبنەرەتدا ئەفسانەکان

بریتیبوون له چیرۆکی راستەقینه و گێڕانەوەی رووداوی واقیعی، بەڵام قۆناغ دوای قۆناغ دەست کاریکراون و چونەته فۆرمی ئەفسانەوە، هەروەك چۆن ئەفسانه کۆنەکانی یۆنان سەرەتا بریتیبوون له چیرۆکی راستی و گێڕانەوەی رووداوی واقیعی، بەڵام کاتێك دەگاته هۆمیرۆس ئیدی لەبەر زۆری زیادەڕەوی و خەیاڵ پلاوی تیایاندا، باوەڕپێکردنی ئەستەم دەبێت).[٦]

هەرچەنده ئەم ووتەیەی ڤیگۆ لەرەخنەبەدەر نیه، بەڵام لەبابی پەیوەندی نێوان ئەفسانه و مێژوودا به ووتەیەکی سەرنجراکێش لەقەڵەم دەدرێت، بەرهەرحاڵ، لەسەردەمانێکدا که هێشتا نووسین دانەهێنرابوو، ئەگەر مرۆڤ ئارەزووی گێڕانەوەی رووداوێك یاخود واقیعێکی بکردبایە، ئەوا پشتی بەزهن و (یاداوەریی) ی خۆی دەبست و دواتر بەشێوازی دەماودەم که بەدەرنەبوو لەگرفتی لەبیرچونەوەی بەشێك یان زۆربەی راستی رووداوەکە، لەنێو کۆمەڵه سەرەتاییەکان و تەنانەت لەنێوکۆمەڵگەی نەخوێندەواری نیمچه دوورگەی عەرەبدا (لەسەردەمی نەفامی) زۆر باوو بوو بەربلاوبووە، زیاد لەمەش گێڕانەوە بەشێوازی دەماودەم زۆربەی جار بەمەبەست بێ یاخود بێ مەبەست شتی بۆ زیاد دەکرێ و بابەتی تازەی دەخرێتەسەر، یاخود لێی کەم دەکرێت، هەندێك جاریش ئاراستەی چیرۆکەکه دەکەوێتەژێر کۆنترۆڵی ئارەزووەکانی کەسی گێڕەرەوە ئەمەو بەم جۆره چیرۆکی رووداوێکی مێژوویی دەگەیشته دەست نووسەر، نووسەریش (شاعیر، درامانووس) بەپشت بەستن بەخەیاڵ و فەنتازیای هەڵدەستابەنوو سینەوەی ئەو رووداوە، دەرئەنجام لەم رووداوه مێژووییەوه ئەفسانەیەك لەدایکه دەبوو که بەشێکی زۆرکەمی لەواقیع دەچوو.

هیچ جێگەی گومان نییه تەواوی گەلانی جیهان مێژووی خۆیان بەنووسینەوەی ئەفسانه دەستپێکردووە، هەربۆیه مێژوو لەرۆژگاری ئەمڕۆدا لەگەڵ تەواوی ئەو لێکۆڵینەوە و بەدواداچونانەی کەدەیکات، ناتوانێت زانیاریەکی راست و دروست لەسەر رابردووه دوورەکان بەدەستەوه بدات، چونکه وەك ئاماژەی بۆکرا ئەفسانەکان رابووردوە دوورەکانیان گێڕاوەتەوەو راستییه مێژووییەکان لەدووتوێی زیادەڕەوی ئەفسانەدا تاڕادەیەك ونبوە.

جگەلەمە، ئەفسانه لەهەموو سەردەمێکدا بەجۆرێك لەجۆرەکان تێکەڵ بەمێژوو دەبێت، تەنانەت لەسەردەمی نووسینی مێژووشدا کاتێك باس لەکەسایەتی ئەسکەندەر، شارلمان، سوڵتان مەحمود، شاعباس و ناپلیۆن... دەکرێت، جۆرێك له ئەفسانەی تێکەڵ دەکرێت.

ناسین و جیاکردنەوەی ئەفسانە لە مێژوو لەقۆناغـەکانی پـێش مێـژوودا، هەڵبـەت سـەخترو نارەحـەتترە، بـە بـەراوورد بـەقۆناغێك، کـە مێـژووی تێـدا دەنوسـرێتەوە، لـەقۆنافی نووسـینی مێژوویيدا دەتوانرێت هەندێك لەهۆکار و فاکتەرەکانی ئامادەیی ئەفسانە لـەنێو مێـژوودا دیـاری بکرێت.

ئەفسانە بۆخۆی بریتیە لەزنجیرەیەك چیرۆك و گێڕانەوە کەپەیوەستە بەفەرهەنگ و کولتـوری نەتەوەیەکی دیاری کراوەوە و زۆرجار وەك رێورەسم و داب و نەریتێك دەپارێزرێت و بۆ سـەردەمە جیاوازەکان وەك تاکە سەرچاوەی زانیاری لەسەر رابووردو دەگێڕدرێتەوە، جیاوازی ئەفسانە یاخود نووسەری ئەفسانە، بابەتەکەی خۆی بەحەقیقـەت دادەنێـت و لـەو بڕوایـەدا ئـەو رووداو کردانـەی کەلـەنێو ئەفـسانەدا باسـکراون لەسـەرزەمینی واقیعـدا روویـان داوە، بەپێـچەوانەی چـیرۆکە ئاساییەکانەوە، هەرئەمـەش وا دەکـات ئەفـسانە زیـاتر لەکایـەی مێـژووەوە نزیـك بێـت تـاوەکو چـیرۆك، زیـاد لەمـە زۆربـەی ئەفـسانەکان بـۆ ئـەوە دەنووسـرێنەوە یـاخود دادەهێنـرێن! تـاوەکو رووداوێك یاخود رێورەسمێك یان بیروبڕوایەك بگێڕنەوە و لەزهنی گشتی و لەعەقڵییـەتی خـەڵکی رەشۆکدا وەك حەقیقەتێك بیچەسپێنن.

یاخود بەواتایەکی دی ئەفسانەکان بۆ ئەوە هەن تـاوەکو زهنـی خـەڵك بـەرەو بیروبڕوایـەکی دیاریکراو ئاراستەکەن، لێرەدایە ئەفـسانە دەڕواتـە پەیوەندییـەوە لەگـەڵ ئاینـە سـەرەتاییەکان و مێژووی نەتەوەیی یەوە، نـەك تـەنها بەشـێك لـەخورافیات و بـیروڕای گـشتی (خـەڵکی رەشـۆك) دەکرێت بەپاشماوەی ئەفسانەکان لەقەڵەم بدرێت، بەڵکو دیدوبۆچـوونی هەنـدێك لەفەیلەسـوفانیش بەرمەبنای ئەفسانەدا دارێژراوە، ئەمە جگەلەوەی مێژووی نەتەوەیی لەنێوگەلانی جیهانـدا لـەنێو ئەفسانەکان و بەکاریگەری ئەفسانەکان هاتۆتە بوون.

لـەیۆنانی کۆنـدا کۆمـەڵێك چـیرۆکی ئەفـسانەیی لـەبارەی خوداکانـەوە نووسـراون، کـە لەهەمانکاتـدا وەك مێـژووی میللـی خـەڵکی یۆنـان مامەڵـەدەکرێن، تەنانـەت مێژوونووسـێکی یۆنـانی کـۆن بـەنێوی (هـۆمیرۆس) کـە خـەڵکی (سیـسل) دەبێـت، کتێبێـك دەنووسـێت بـەناوی (مێـژووی پـیرۆزەوە) لـەم کتێبـەدا نـاوبراو پێـداگری لەسـەرئەوە کردبـوو کـە خوداکـانی یۆنـان

لەبنەڕەتدا فەرمانڕەوایان و پاڵەوانانی کۆنی یۆنان بوون و لەبەرئەوەی کەکرداری قارەمانانەیان ئەنجامداوە هەربۆیە لەزهنی گشتیدا چوونەتە قاڵبی خوداوە.

ئەم دیدوبۆچوونەی هۆمیرۆس (خوداکانی نێوئەفسانە مرۆڤی واقیعی بوون و رووداوە نامومکینەکانی نێو ئەفسانە، رووداوی واقیعی بوون) پەیوەندی نزیکی نێوان ئەفسانە و مێژوو دەخاتەڕوو، هەڵبەت جیاکردنەوەی مێژوو لەئەفسانە لەهەندێك رووەوە هەروا ئاسان نییە، چونکە ئەم جیاکردنەوەیە پەیوەست بەجۆرێ بیرکردنەوەی گەلێك و ئەو قۆناغەی کە ئەو گەلەی تێدادەژی.

لەراستیدا بوونی رەگەزی ئەفسانەیی لەهەرگێڕانەوەیەکدا دەکرێت تاڕادەیەك راستی ئەو گێڕانەوەیە بخاتە بەرگومانەوە و وابکات ئەو گێڕانەوەیە وەك گێڕانەوەیەکی مێژوویی مامەڵە نەکرێت، بەلاّم ئەمەش ناتوانرێت بکرێت بە بەڵگەیەك بۆ رەتکردنەوە و پەراوێزخستنی هەر گێڕانەوەیەك کە رەگەزی ئەفسانەیی تێدابێت، بەڵکو دەبێت ئەو جۆرە گێڕانەوانە بخرێنەبەر تیشکی لێکدانەوەوە تاوەکوپەی بەرەگەزە مێژووییەکانی نێوی ببرێت، لەسەردەمی نوێ ئەفلاتونێکان و تەنانەت پێش ئەوانیش، هەندێك کەس هەوڵیاندا لێکدانەوە بۆ ئەفسانەکان بکەن، بەلاّم ئەم لێکدانەوانە ئەوەندەی خەیالاّوی بوون و ئەوەندەی هەستێکی شاعیرانەیان بەسەردا زاڵ بوو، ئەوەندە لێکدانەوەیەکی مێژوویی نەبوون، لێکچوونی ئەفسانەکان لەنێومیللەتاندا بەجۆرێکە مێژوونووس تووشی تێڕامانی جدی دەکات.

گومانی تێدانییە کەناکرێت هۆکاری ئەم لێکچوونانە بگێڕدرێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەفسانەکان لەیەك سەرچاوەوە وەرگیراون، زۆرجار هۆکاری ئەم لێکچوونە لەنزیکی شێوازی ژیان و جۆری بیرکردنەوەی میللەتەکان لەیەکدیەوە، سەرچاوە دەگرێت، یاخود لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەگەرچی میللەتان و نەتەوە جیاوازەکان هیچ جۆر پەیوەندییەکیان لەگەڵ یەکدا بوون و تووشی ئەزموونی وەك یەك هاتوون، هەڵبەت ئەم لێکچونە کاتێك لەنێوان ئەفسانەکانی گەلانی رۆژهەلاّتی نزیکدا یان گەلانی ئەوروپادا بەرچاوبکەوێت، ئەوا دەتوانرێت هۆکارەکەی بگێڕێتەوە بۆ کاریگەری راستەوخۆی ئەو گەلانە لەیەکتر بەبەڵگەی نزیکی شوێنی جوگرافیان لەیەکدیەوە، بەلاّم کاتێك ئەم لێکچوون و نزیکیە لەنێوان ئەفسانەکانی ئەو گەل و میللەتانەدا هەیە، کە

لەرووی جوگرافیاوە ئێجگارلەیەکدیەوە دوورن، ئەوا ناتوانین بۆ لێکدانەوەی ئەمە هەمان فاکتەری پێشوو (کاریگەری راستەوخۆ) بەکار بێنین.

جگەلەوەش لەئەفسانەی میللەتێکی دیاریکراودا، جاری واهەیە هەندێك رەگەزو بابەت تری تێکەڵ بووە، کە ناتوانێت ئەم رەگەز و بابەتانە بەمولْکی ئەو میللەتە لەقەڵەم بدرێت، یاخود ئەم رەگەز و بابتانە کەتێکەڵ بە ئەفسانەی ئەو میللەتەبووە، هیچ پەیوەندییەکی بەو قۆناغەوەنیە کە ئەو میللەتەی تێدادەژی، بەڵکو دەگێڕنەوە بۆ سەردەمانێکی زووتر، بۆ نموونە لەئەفسانەی (کەی کاوس) دا (بەوجۆرەی لەشانامەدا هاتووە) رەنگە هەندێك لەرەگەزەکانی ئەفسانەی (نەمرود) و (بەخت نەسر) و تەنانەت ئەفسانەی (کەمبوجیەی هەخامەنشی) شی تێکەڵکرابێت، تێکەڵکردنی رەگەزەجیاوازەکان و وەرگرتنی چەند بابەتێك لەئەفسانەی جیاجیاوە و دواتر کۆکردنەوەیان لەیەك ئەفسانەی نوێدا، نەك تەنها دەبێتە کۆسپ لەبەردەم سوودبینینی مێژوونووس لە ئەفسانەکان، بەڵکو کاری ناسینەوەی ئەفسانەکانیش دژوارتردەکات.

لەهەندێك رووەوە کێشەی سەرەکی لەوەدایە کە ئەرکی مێژوونووس روونکردنەوەی ئەو راستیەبێت : ئاخۆ خودایانی کۆن لە ئەفسانەکاندا بوون بەمرۆڤ یاخود مرۆڤە پاڵەوانەکانی لەزهنی ئەفسانە نووسدا دەبن بەخودا؟ ئەمەش هەمان ئەو پرسەبوو کە هۆمیرۆس هەوڵیدا وەلامی بداتەوە، تەنانەت هۆمیرۆس پێداگری لەسەر مرۆڤبوونی (زیۆس) خودای خوداکان دەکرد و پێی وابوو زیۆس لەبنەڕەتدا مرۆڤ بووە و دواتر لەئەفسانەکاندا بەرگی خودایی کراوە بەبەردا.

لەم نێوەندەدا ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە ئەو دیدوبۆچوونانە، کەلەمەڕ بوونی عیسامەسیحەوە خراوونەتەڕوو، بۆ نمونە هەندێك لە لێکۆڵەرەوانی ئەم بوارە بوونی مێژوویی مەسیح رەتدەکەنەوە و پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن، کەمەسیح بوونەوەرێکی رۆحانی بووە و هەرگیز ژیانێکی ماددی و جەستەیی نەبووە، بەڵکو زیاد لەمەش ئەو خودایەك بووە کە دڵسافی و خۆش باوەڕی بەندەکانی لەقۆناغەکانی دواتردا ئەویان کردووە لەمرۆڤ، لەبەرامبەر ئەمەدا، دەستەیەکی دیکە لەلێکۆڵەرەوان پێداگری لەسەر مرۆیی بوونی مەسیح دەکەن و پێیان وایە مەسیح بانگ خوازێك و پێغمبەرێکی (شۆڕشگێڕ)[٧] ییەهودی زیاتر شتێکی ترنەبووە، کە ویستویەتی بەیاریدەی خودا رۆمییەکان لەفەلەستین دەرپەڕێنێت و مەملەکەتێکی نوێ بۆ (بنی

ئیسرائیل) دابمەزرێنێت، بەڵام ڕۆمەکان بەدەسیسەو هاوکاری جولەکە محافزکارەکان دەستگیری دەکەن و وەك ڕێوڕەسمی سزادانی ئەوکات لەخاچی دەدەن، بەم جۆرە لەقۆناغەکانی دواتردا ئەم مرۆڤە لەزهنی شوێنکەوتنیدا دەچێتە قالبی خوداوە.

ئەم دۆسییەی کە ئاماژەمان بۆی کرد دەرخەری ئەو راستیەیە کەلەبارەی روونکردنەوەی چەمکی خوداو خوداکانەوە، مێژوونووس تەنانەت لەسەردەمی نووسینی مێژوویشدا تووشی گرفت دێت.

لەگەڵ ئەمەشدا، ئەفسانەکان کاتێك ئالۆزترخۆیانمان نیشان دەدەن کەتایبەت بن بەسەرەتای دەستپێکردنی مێژووی میللەتانەوە، لەرستەیەکی تایبەتدا دەتوانین بڵێین : (بوونی جۆرها ئەفسانە، خۆری بەرەبەیانی مێژووی مرۆڤایەتی بەهەورێکی رەش داپۆشیوە، چرێتی و ئالۆزی هەوری ئەفسانەش بەچەشنێکە لەرۆژگاری ئەمرۆشدا بەجۆرێك ئاسۆی مێژوویشی گرتۆتەوە).

رەنگە زۆر کەس چاوەڕوانی ئەوەبن کە پێناسەیەکی کامڵ و پوخت بۆ ئەفسانە بکرێت لەراستیدا ئەمە ناموم‌کینە، لەدێرزەمانەوە تاوەکو رۆژگاری ئەمرۆ چەندین پێناسە لەبارەی چییەتی و ناوەڕۆکی ئەفسانەکان خراونەتەڕوو، بەڵام هیچ یەك لەو دیدوبۆچوونانە کامڵ نییە، چونکە کۆکردنەوەی تەواوی ئەفسانەکان لەچوارچێوەی پێناسەیەکدا جێگەی گومان و دوودڵیە.

نەئەو باس و خواسانەی کە قوتابخانەی (مارکس مولر)[٨] لەبارەی ئەفسانەکانەوە هێناویەتییە گۆڕێ جێگەی متمانەن، نەئەو شیکردنەوەیەش کە قوتابخانەی دەرونناسی (فرۆید) و (یۆنگ) لەم بارەیەوە کردوویانە، بۆ مێژوونووس جێگەی باوەڕە، هەندێك لە لێکۆڵەرەوانی وەك (مانهارت) و (تایلەر) بەرمەبنای زانستی (خەڵك ناسی) هەوڵیانداوە شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ ئەفسانە بکەن، تەنانەت دەستەیەکی دی لەلێکۆڵەرەوان ویستویانە لەڕوانگەی بیروبۆچوون و وێناکردنی مرۆڤ بۆ دیاردەو دەرکەوتە سروشتییەکان، لێکدانەوە بۆ ئەفسانەی تەواوی میللەتان بکەن، ئەنجامێکیش کە قوتابخانەی سروشت گەراکان لەبارەی ماهیەتی ئەفسانەوە بەدەستیان هێنا، ئەمەبوو کە: ئەفسانەکان هەر ئەو چیرۆکانەن کە مرۆڤ لەسەر دیاردە سروشتیەکان و دەرکەوتە ئاسمانێکانی وەك مانگ و خۆر و ئەستێرەکان دروستیکردوون.

تـەواوی ئـەم دیـد و بۆچـونانەی سـەرەوە کـەئاماژەمان بـۆی کـرد، نـاتوانن و نـەیانتوانیوە شیکردنەوەیەکی تەواو و پوخت لەمەڕ ماهیـەتی ئەفسانەوە بەدەسـتەوەبدەن، ئەگـەر نـەتوانرێت شیکردنەوە و لێکدانەوەیەکی پوخـت و کامـڵ ئـەنجام بـدرێت لـەبابی ماهیـەتی ئەفـسانەکانەوە، لانیکەم دەتوانرێت دان بنرێت بـەبوونی ئەفـسانە لـەنێو بـیروڕای خـەڵکی رەشـۆك و لەنێونەسـتی (لاشعور)ی میللەتاندا و دەتوانرێت ئەم دۆخەش وەسف بکرێت.

لەراستیدا تەواوی ئاینەکان (هەرلەئاینە سەرەتاییەکانەوە تاوەکو ئایینە ئاسمانێکان) لەزهنیەتی خەڵکی رەشۆکدائامرازێکیان دەستکەوتووە بۆ داهێنانی ئەفسانەکان دەبێت ئەوەش بڵێین، کە ئەوبیروبۆچوون و وێنایانەی تایبەتن بەبوونی خوداکان و جیهانی هەست پێنەکراو، لەچوارچێوەی ئەفسانەدا بەئاسانتر دەردەبڕدرێن.

لەبابلی کۆندا هەبوونی زیاد لە شەش هەزار خودای جۆراوجۆر توانای خەیاڵ پلاوی بابلیەکان نیشاندەدات لەداهێنانی ئەفسانەی جۆراوجۆردا، کەرەنگە بەشێك لەخورافیاتەکانی (ئافەرینش) [٩] دا لای بابلیەکان وێناکردنێکی شاعیرانە دەبینن لەبارەی ململانێ و کێشمەکێشی نێوان رێکی (نظم) و نارێکی) ،(لەنێو بێ سەروبەری و پەشێوی پێش ئافەرینش لە ئۆقیانوسی پەرێشانی دا، تیلمات خودای نارێك و پێکی (بێ نظمی) لەهەوڵدا بوو بۆ فراوانکردنی دەسەلات و توانای خۆی، مەردوك لەرووبەرووبونەوەیەکدا تیامات دەکوژێت و جەستەی دەکات بەدوو پارچەوە و لەم دووپارچەیەش زەوی و ئاسمان دروستدەکات).

بالێرەدا پرسیارێك بکەین، ئایا ئەفسانەی مەردوك و تیامات ئاماژەنیە بۆ ئەو ململانێ ئەبەدیەی نێوان (نظم ) و (بی نظم) بەو جۆرەی کەلەواقیعدا هەیە؟ هەرلەبارەی ئافەرینیشەوە، لە ئەفسانەی هیندیشدا داستانێکی سەرنج راکێش هەیە : ژیانی بوونەوەران و وابەستنی هەناسەی خوداوەند بەرهومایە، هەناسە هەڵکێشانی سەرچاوەی ژیانە و هەناسەدانەوەیشی سەرچاوەی مەرگ).

جگەلەمە، ئەفسانەگەلی دیکەهەن لەپارەی پاڵەوانانەوە کە(مرۆڤ بوون) وەکو ئەفسانەی فەرەیدون لەئێران و ئەفسانەی رۆمۆس و رۆمیلیۆس لای رۆمەکان، ئەفسانەش هەیە لەبارەی دیارد سروشتی و دەرکەوتە ئاسمانییەکانی وەك (مانگ و خۆرە) وە دەدوێت، وەکو ئەفسانەی

میسریەکۆنەکان دەربارەی خوداوەند رەع، : (خوداوەند رەع لەنێوکەشتیەکی گەورەی رازاوەدایە و بەدەریای گەردوون دا تێدەپەڕێ) کە تایبەتە بەخۆر، یاخود ئەم ئەفسانە بابلیە : (خوداوەند عەشتار بەشوێنیەوە تەنانەت تاوەکو دۆزەخیش دەڕوات، مانەوەی ئەم خودای عەشقە لەدۆزەخدا بەجۆرێك بارودۆخی سەرزەوی تێکدەدات، کە خوداکان ناچار تەموزی پێدەبەخشنەوە) ئەمەوێنای بابلێکان نیشان دەدات لەمەڕ ژیانەوە و مردنی سالآنەی زەوی لەوەرزەجیاجیاکاندا، جگەلە ئەفسانە و داستانە رۆژهەلآتیەکان، ئەفسانەکانی یۆنان و رۆمیش بەچەشنێك کاریگەریان لەسەر فەرهەنگ و شارستانیەتی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی داناوە، کە ڕەنگە هێنانەوەی نموونە لێرەدا زۆر پێویست نەبێت.

دەتوانین بڵێین ئەفسانەکان بەشێوازێکی گشتی تێگەیشتن و دەرکی مرۆڤی سەرەتایی بوون لەجیهان و دیاردەو دەرکەوتووەکانی نێوی، کە دواتر لەچوارچێوەی چیرۆك و داستانەکاندا دەریان بڕیوە، سروشت و دیاردە سروشتیەکان و جیهانی مردووەکان و رۆحەکان و خوداکان و جیهانی میتافیزیك و بەهەرهەموویانەوە رەنگرێژی ئەفسانەکان مان بۆ دەکەن، بەم پێیە ئەفسانە دەبێتە ئەو چوارچێوەیەی کە مرۆڤی سەرەتایی بیروبڕوا سەرەتاییەکانی خۆی لەمەڕ ئەو بابەتانەی سەرەوەی تێدا دەردەبڕێت.

راستە ئەم جۆرە بیروبڕوایانە لەنەزانی و تێنەگەیشتنی مرۆڤی سەرەتاییەوە سەرچاوەی گرتووە لەمەڕ حەقیقەت و واقیع و دیاردەی سروشتیەوە، بەلآم ئەزموونی مێژوویی پێمان دەڵێت کە ئەم جۆرە لەبیروبڕوای خورافی لەرۆژگاری ئەمڕۆشدا لەنەستی خەڵکدا ماوەو هەیە و ریشەکێشکردنی لەزهنیەتی خەڵکی رەشۆکدا کارێکی هەروا ئاسان نییە، کاتێك لەمەیدانی سوور لەمۆسکۆ ریزی درێژی زیارەتکەرانی جەستەی (لینین) م بینی کە لەپیاو و ژن و گەنج و منداڵ پێکهاتبوون، ئەم دیاردەیە بۆمن هیچ جێگەی سەرسوڕمان نەبووە، ئەگەرچی ئەم خەڵکە زیارەتکەرەی مەیدانی سوور خۆیان بە خەڵکانێکی مادەگەرادەزانی، بەلآم بیروبۆچونە خورافییەکان لەقوڵآییەکانی نەستیاندا مابووەوە و ئەمڕۆ لەساڵیادی (لینین)دا هەلێك رەخسابوو تاوەکو ئەو بیروبۆچوونە خورافیانە کاری خۆیان بکەن، بەلآم ئەم جارەیان لەزیارەتکردنی قەبری (لینین) دا نەوەك (قەدیسان) و (پەیامبەران) ئەم بیروبۆچوونە خورافیە خۆی نومایشی دەکرد

لەراستیدا تەنها وەسفێك كە بتوانرێت بۆ ئەم دیاردەیەی مەیدانی سووربکرێت ئەوەیەکە، مادەگەرایەتی لەگەڵ تەواوی هەیمەنەی خۆیدا نەیتوانیوە رۆح گەرایەتی لەزهنیەتی خەڵکی سادەدا بە تەواوەتی بسڕێتەوە.

لەدیدی مێژووییەوە، ئەفسانەکۆنەکان پلەبەپلە و بەدرێژایی سەدەکان لەگەڵ خورافیات و داستانگەلی نوێ دا تێکەڵ و یەکانگیردەبن و جۆرێك لەعەقیدە و بڕوای نائاسایی پێکدێنن و دەبنەبەشێك لە نەست و ناخو ئاگای مرۆڤ، ئەمەش راستیەکی حاشاهەڵنەگرە، عەقیدە و بیروبڕوا خورافیەکان، کەلەئەفسانەکانەوە لەدایك دەبن، لە هەموو سەردەمێکدا لەقاڵب و فۆڕمی جیاجیادا دەردەکەون.

ئەگەر لەرابووردودا سەرۆکی هۆزێکی (وەحشی) کاتێك دەیویست پەیامێك بنێرێت بۆ جیهانی مردووەکان، ئەوا ناوەڕۆکی ئەو پەیامەی بەیەکێك لەکۆیلەکانی خۆی دەوت و پاشان هەڵدەستا بەکوشتنی کۆیلەکە، بەو ئومێدەی کۆنیلەی کوژراو پەیامەکەی بۆ بگەیەنێتە جیهانی مردووەکان، لەبەرامبەر ئەمەو لەرۆژگاری ئەمڕۆدا کۆمەڵەی (ئیسپریتوالیستەکان) هەن لەئەوروپا و ئەمریکا، کەبڕوای تەواویان بە بەستنی پەیوەندی هەیە لەگەڵ جیهانی رۆحەکاندا، کەواتە ئەفسانە و خورافیات لەزهنی مرۆڤدا بەتەواوەتی ناسڕێتەوە، بەڵکو هەمیشە و هەردەم بەجۆرێك لەجۆرەکان ئامادەگی هەیە.

هەندێك بیروبڕواو عەقیدە لەنێو کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆدا هەن، کە نەگۆڕ و قبوڵکراون هەرکەس پەیڕەویان لێبکات لە لۆمەکردن بەدووردەبێت، راستە ئەم جۆرە عەقیدە و بیروبڕوایانە لەدیدی مێژووییەوە بەپاشماوەی ئەفسانەکان لەقەڵەم دەدرێن، بەڵام ئەمە واناکات کە مرۆڤ بەئاسانی دەستبەرداریان بێت و تەنانەت پەیڕەوکردنیان بەجۆرێك لەرەسەنایەتی دادەنرێت، هەر دووچەمکی (نەتەوە) و (سەرزەمینی باوان) دەرخەری ئەم راستیەن.

ئەم دووچەمکە لەکۆمەڵگاکانی ئەمڕۆدا بەهایەکی ئەخلاقی بەرزیان پەیداکردووە و لەکاتی قەیرانە گەورەکاندا وەکو (مقدسات) مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و بەملیۆنەها مرۆڤ ئامادەی قوربانی دانن لەم پێناوەدا، لەکاتێکدا ئەم دووچەمکە لەبنەڕەتدا دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی

ئەفسانەکان و بەتایبەتیش ئەفسانەی (پەرستشی زەوی) و ئەفسانەی (پەرستشی رۆحی باوباپیران) و ئەفسانەی (پەرستشی تەوتەم).

خودای زەمین نەك تەنها لای هیندیەکان، یۆنانیەکان، تۆتونیەکان و سلتیەکان دەپەرسترا، بەڵکو دانیشتوانی رەسەنی ئەمریکای باکوریش زەمینیان وەك دایکێکی بەرەحم کە هەمووشتێکی باش لەلای ئەوەوە دێت، دەپەرست، هۆی زی " ئازتك"یش زەمینیان وەکو دایکێك وێنادەکرد کە ژمارەی مەمکەکانی ئێجگار زۆرە.

بیرۆکەی (قارەمان پەرستی) و بەرزنرخاندنی پاڵەوانە نەتەوەیەکان(کە حەماسەتێك دەبەخشێت بەمێژووی نەتەوە) بەزۆری لەئەفسانەکانەوە سەرچاوەی وەرگرتووە، بەتایبەتی ئەفسانەکانی تایبەت بە پەرستنی باوباپیران.

رۆڵ وکاریگەری ئەفسانە لەئاستێکدایە، تەنانەت دەتوانێت لەتێکشکان وکەوتنی نەتەوەکان داستانێك بخولقێنێت کەمایەی سەبوری و تەنانەت غروریشیان بێت، لێرەدایە کە تەنانەت داگیرکەرانی بێگانە لای نەتەوەی داگیرکراو زۆرجار وەك خوداوەندێکی سەرکەوتوو و هەندێك جاریش وەك کەسێك لەخۆیان وێنادەکرێت.[١٠]

هیرۆدۆت باسی ئەومان بۆ دەکات، کاتێك (کەمبوجیە) پادشای هەخامەنشییەکان میسر داگیردەکات، میسریەکان وەکو فیرعەونێك و وەك خودایەکی میسر پێشوازی لێدەکەن، کاتێکیش ئەسکەندەری گەورە ئێرانی گرت، ئێرانییەکان هەرزوو ئەو دیدەیەیان قبوڵکرد کە ئەسکەندەر وەك قارەمانێك بەرەچەڵەك دەگەرێتەوەسەر باوباپیرانی هەخامەنشی، تەنانەت یۆنانیێکانیش لە قۆناغێکدا کە هێشتا رووداوی سالامین و ماراتۆن روویندابوو، هیچ شتێك وەکو ناوی ئێران ئەوانی سەرسام نەدەکرد و رەچەڵەکی ئێرانییەکانیان دەبردەوەسەر (پرسیۆس) ی کوری (زیۆس).

بەم جۆرە بیرۆکەی (قارەمانپەرستی) کە هۆکارێکی باشە بۆ جولاندنەوەی هەستەکانی مرۆڤ؟، دەبینین کە لەئەفسانەکانەوە ئیلهامی وەرگرتووە، جا ئەم بیرۆکەیە چ بۆ بەرژەوەندی نەتەوەبەکاربهێنرێت چ بۆ بەرژەوەندی ئایینی، هیچ فەرق ناکات و هەر دەرواتە چوارچێوەی ئەفسانەی (پەرستشی رۆحی باو و باپیران) و ئەفسانەی (پەرستن و بەخودا زانیی پاڵەوانانەوە).

لەراستیدا زیادەڕەوی نییە گەر بڵێین (ئەخلاق) یش وەك پیرۆزترین و بەرزترین بەهای مرۆیی ئیلهامی خۆی لەئەفسانەی (تەوتەمە) وە وەرگرتووە و بەتایبەتیش سەرچاوەی ئەم ئیلهامە دەگەڕێتەوە بۆ هێڵە سورەکانی (تەوتەم) بەواتا (تاپۆ) کەوابوو ئاینیش وەك گەورەترین پارێزەری (ئەخلاق) لەکاریگەری قۆناغی (تەوتەم و تاپۆ) بەدەرنییە.

تەواوی ئەوشتانەی کەلەسەرەوە باسمانکرد، ئاماژەیەکن بۆ کاریگەری قوڵی ئەفسانەکان لەسەر زهنیەتی مرۆڤ، ئاماژەیەکن بۆ ئامادەیی و هەبوونی ئەفسانە لەنێوخەڵکی رەشۆك و فەرهەنگ کولتورە جیاجیاکاندا لەهەرقۆناغ و سەردەمێکی جیاوازدا، هەموو ئەو وتانەی سەرەوە لەمەڕ ئەفسانەکان ئەو راستیە مێژووییەمان بۆ روونده‌کەنەوە کەئەگەر لەرابووردوە دوورەکاندا ئەفسانە و خورافیاتەکان لەقاڵب و فۆرمی تردا ئامادەییان هەیە،لەیەك رەستەدا: (ئەفسانەکان هەمیشە و هەردەم لەنێو بیروڕای خەڵکی رەشۆك و لەنێو نەست و ئاخودگای میللەتان ئامادەیە، ئەمەش راستیەکی حاشا هەڵنەگرە)، ئەم دیارەدیەش لەدیدگای مێژووییەوە دەتوانرێت بەم جۆرە وەسف بکرێت : ( هێڵێکی گشتی هەیە کە ئەم هێڵە لە عەقڵیەتی مرۆڤایەتی و توانای دەرککردنی مرۆڤ پێکهاتووە، هێڵێکی مێژووییە و لەسەردەمە دووردەستەکان و لەقۆناغی (تەوتەم و تاپۆ) و لەقۆناغی ئەفسانەکان و باوەڕە خورافیەکانەوە، دەست پێدەکات و بەناو سەردەم و سەدەکاندا شۆڕدەبێتەوە و قۆناغ بە قۆناغ بە ئاراستەی کامڵبوون دەڕواتە پێشێ، رووخسار و پێکهاتە دەرەکییەکانی ئەم هێڵە هەمیشە لەگۆڕان دان و فۆڕم و شکڵی جیاواز لەخۆدەگرن بەپێی سەردەمەکان، بەڵام ناوەڕۆك و ماهیەتی ئەم هێڵە نەگۆڕە، کە ئەویش بریتیەلە بەرەوپێشەوەچوون و گەیشتن بەفۆڕمی کامڵی خۆی، ئەم هێڵە دەتوانین بەرەوتی مێژووش ناوی ببەین.

واگومان دەکەم ئێستا بتوانین بگەڕێینەوە سەر ئەو وتانەی کەلەمەڕ جیاوازی نێوان شیعر و مێژوو خستمانەڕوو، لەدووتوێی ئەو ووتانەی سەرەوە ئەو راستیەمان بۆ روون بووەوە کە هەموو ئەوشتانەی دەکەونە نێوچوارچێوەی ئەفسانەوە پەیوەستن بەمرۆڤەوە (مرۆڤ وەك بابەتێکی واقیعی بۆ مێژوو) کەوا بوو بەهەمانشێوەش دەکەونە نێو قەڵەمڕەی مێژوویشەوە و هیچ هێڵێك بەتەواوەتی لەیەکدی جودا بکاتەوە، هیچ گومانێك لەو راستیەدانیە، کاتێك مێژوو لێکدانەوە و

لێکۆڵینەوەکانی خۆی بردەنێو سنوری ئەفسانەوە، خۆی لەچوارچێوەی پێناسە کلاسیکییەکەی مێژوو دەرهێنا.

ئەوشتەی یاخود ئەو دیاردەیەی کە گریمانەی ڕوودانی دەکرێت لەقوتابخانەی ئەرستۆدا شتێکە یان دیاردەیەکە، کە هیچ بێ مانایی و هیچ جۆرە بێهودەییەکی تێدانەبێت کە ببێتە هۆی قبوڵکردنی وەك حەقیقەت، یاخود بەواتایەکی تر ئەوشتە واقیعیە و لەچوارچێوەی ڕووداو و دیاردەدا دێتەبوون کە هیچ جۆرە نامومکینیەك بەخۆنەگرێت.

لەدیدگای ئەرستۆوە شیعر بەرمەبنای ئەوشتە بوونیاد دەنرێت کە(گریمانەی ڕوودانی) دەکرێت یان ئەگەری ڕوودانی هەیە، ئەمە لەکاتێکدا مێژوو لەسەردەمی ئەرستۆدا کورتکرابوەوە بۆ گێڕانەوەی ئەو ڕووداو و دیاردانەی کەلەسەرچاوەکانەوە وەری دەگرت ئیدی کاری بەسەر ئەو پرسەوە نەبوو کە ئاخۆ ئەو ڕووداوەی ئەم دەیگێڕێتەوە لەسەرزەمینی واقیعدا ڕوویداوە یاخود نە؟ گریمانەی دووبارە ڕوودانی دەکرێت یان نە؟ ئایا ئەو ڕووداوە لەسنوری مومکیندایە یاخود نامومکین؟

بەم جۆرە ئەو مێژووەی کە لەڕووی فەلسەفیەوە لەخواروی شیعرەوە دادەنرا، مێژووییەك بوو تەنها هەڵدەستا بەگێڕانەوەیەکی پەتی ڕووداوەکان و بەدوور بوو لە ئەندێشە و لێکدانەوە و تەفسیرەوە.

ئەگەینا مێژوو بەو شێوەیەی کە لەسەردەمی ئێمەدا هەیە خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لەفەلسەفە، ئایا مێژوو فەلسەفەهەردووکیان مرۆڤ ناکەن بە بابەتی لێکۆڵینەوەی خۆیان؟ تەنها جیاوازییان لەوەدایە هەریەکەیان بەشێواز و میتۆدی تایبەتی خۆی بەرخورد لەگەڵ بابەتەکەیدا دەکات، فەلسەفە بەشێوازێکی گشتی لەمرۆڤ دەکۆڵێتەوە و وەك بابەتێکی (مجرد) وەریدەگرێت، بەڵام مێژوو سەروکاری لەگەڵ مرۆڤی (مجرد) دا نییە، بەڵکو لێکۆڵینەوەکانی تایبەتە بەمرۆڤی واقیعەوە، ئەو مرۆڤەی کەلەچوارچێوەی واقیعدا ژیاوە و ئەو گۆڕانکاریانەی کەبەسەریدا هاتوون، کەواتە بێ هۆنییە کە فەلسەفەی مێژوو سنورێکی ئێجگار بەرفراوان لەکایەی مەعریفەدا داگیردەکات و وا گومان دەکەم کە فەلسەفەی ڕاستەقینەش هەر ئەو فەلسەفەیە بێت کە سەروکاری لەگەڵ مرۆڤی واقیعی و چارەنووسی دا هەیە.

کرۆچە بەدەربڕینێکی شاعیرانە کە هەمیشە فۆڕمێکی تایبەتی (سرگزشت أزدای) ئەوە بەیاد دێنێـەوە کە مێژوو رۆژگارێکی دوور و درێژ وەك هەژارترین و بێ دەرەتان ترین جۆری مەعریفە وێنا دەکرا لەکاتێك فەلسەفە برزترین جۆری مەعریفەبوو، بەلاّم ئێستا مێژوونەك تەنها بەسەر فەلسەفەدا سەرکەوتووە، بەڵکو وەختە فەلسەفەش نابود بکات، ئەم گوتەیەی بینیەدێتۆکرۆچە شایەنی تێڕامانە، بەهەرحاڵ لەدیدی فەیلەسوفانی کۆن مەعریفەی مێژوویی شتێکی باوەڕپێنەکراو و نامومکین بوو، چونکە پشتی بەگێڕانەوەی موفرەدات و جزئیات دەبەست، نەوەك کلیات، بەلاّم لەسەردەمی ئێمەدا ئەو باوەڕە سەری هەڵداوە کە هەرجۆرە مەعریفەتێك لەهەمانکاتدا مێژووییە فەلسەفەی راستەقینەش بریتییە لە فەلسەفەی مێژوو.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر مێژوو تەتوانێت پەیوەندی لەنێوان رووداوەکان و گۆڕانکارییەکان بدۆزێتەوە، ئەوا بەزانست دانانی مێژوو دەبێتە نوکتەیەکی بێ مانا لەم دۆخەشدا مێژوو دەبێتە ئەو حیکایەتانەی کە تەنها پێمان دەڵێن لەفلانکاتدا، فلاّن شت روویدا! لە رووداودا گەرهات و پەیوەندی هۆ و ئەنجام (علل و معلول) کە جەبریەتی مێژوو و رۆڵی مرۆڤ، هەردووکیان لە(علل و معلوله) وە سەرچاوە دەگرن، کرایە دەرەوە و گرنگی و بایەخی پێنەدرا، ئەوە لەمکاتەدا تەنها (ویستی خودا) دەمێنێتەوە و مێژوونوسیش ناچاردەبێت لەچوارچێوەی (موعجیزە و رێکەوت) دا تەعبیر لەرووداو یاخود ئەوەی کە روویداوە بکات.

هۆیەتی یاخود پەیوەندی (علل و معلول) لەدیدی هەندێك لەو مێژوونووسانەدا بەمێژووگەرایی دادەنرێت کە رۆڵی میتافیزیك و ویستی خوداییان لەرووداوە مێژووییەکاندا پێ قبوڵ نیە، رەتکردنەوەی یاسای هۆ و ئەنجام (علل و معلول) لەمێژوودا، وای لەهەندێك لەبیریارانکردووە کە مێژوو وەك داستانێکی سادە پێناسە بکەن کە لەکۆمەڵێك رووداوی بەرێکەوت پێکهاتووە و هیچ پەیوەندییەکی هۆ و ئەنجام لەنێوان (جزئیات)ی ئەو روودا وانەدا نییە و ئەگەریش پەیوەندییەك هەبێت ئەوا ئەو پەیوەندییە دروستکراوی خەیاڵی نووسەرەکەیە، ئەگینا ئەو پەیوەندییە لەواقیعدا نیە، (شاتوبریان)یش هەربەم جۆرە لەمەڕ مێژوو بیری دەکردەوە تەنانەت ئەم نووسەرە فەڕەنسیە پێیوابوو کەمێژوو جۆرێکە لەهەڵخەڵەتاندن و فریودان و هەربەوجۆرەش دەمێنێتەوە.

ئەم جۆرە بیرکردنەوانە کاتێك لەدایك دەبن لەسەر مێژوو، کە مێژوو نەتوانێت پەیوەندی هۆ و ئەنجام لەنێوان رووداو و گۆڕانکاریەکاندا بدۆزێتەوە، خۆی لەراستیدا شتی بەرێکەوت لەمێژوودانیە و هەر شتێکیش وەك رووداوی بەرێکەوت لەمێژوودا دەرکەوتبێت ئەوا لەبنەڕەتدا پەیوەست بووە بەزنجیرە هۆکارێکییەك لەدواییەکەوە بەلاّم بەلّگەکانی روونکردنەوە و کەشفکردنی ئەو زنجیرە هۆکارانە ونبوون و لەبەردەستی مێژوونووس دا نەبوون، ئەمەش یەکێکە لەگرفتەکانی مێژوو.

لەراستیدا بیرۆکەی هۆ و ئەنجام (علل و المعلول) لەمێژوودا، وەك جۆری بیرکردنەوە ئەو (دادوەرە)کە دەیەوێت تاوانێك کە ئەنجام دراوە یاخود دەستدرێژیەك کەکراوەتەوە سەر یاسا روونبکاتەوە، لێرەدا دادوەر دەپرسێت تاوانباری راستەقینە کێیە؟ چەند کەس دەستیان هەبووە لەم تانەدا و تاوەکوچەند بەرپرسیارن؟ هۆکاری سەرەکی بۆ ئەنجامدانی ئاوا تاوانێك دەتوانێت چی بێت؟ بەچ مەبەستێك ئەم تاوانە ئەنجامدراوە؟ بەم جۆرە دادوەر زنجیرەیەکی لێکدانەبڕاو لەهۆ و ئەنجام و مەبەست تاوتوێ دەکات بۆ روونکردنەوەی حەقیقەتی رووداوەکە، بەلاّم گەرهات و دادوەر خۆی لەو پرسیارانە بوارد و دەستی هەلّنەگرت لە تاوتوێ کردنی پەیوەندی (علل و المعلول)، ئەو ئەوکات دەتوانین بلّێین دادوەر بۆ روونکردنەوەی ئەوەی کە روویداوە پەنای بردۆتەبەر ویست و ئیرادەی خودایی و دۆسیێی تاوانەکەی لەچوارچێوەی پرسەمیتافیزیکێکان دا جێکردۆتەوە، بەمەش دەیەوێت بلّێت ویستی خودا لەسەر ئەو تاوانە بووە، بۆیە روویداوە! لەراستیدا ئەمەش هیچ لەراستی رووداوەکە روونناکاتەوە.

لێرەدایە دەتوانێت بلّێین گەرهات و مێژوو سنوری (علل و المعلول) ی بەزاند و پێی خستەنێو پرسی (علت ی غائی)[11]وە، ئەوە لەزانستی بوون دەکەوێت و دەچێتەنێو قەلّەمرەوێکی نەناسراوەوە، کە ئێمە دەتوانین ناوی ئەو قەلّەمڕەوە نەناسراوە بنێیت ئەودیوی مێژوو (**ماوراء التأريخ**) هەربۆیەکەسی مێژوونووس دەبێت پابەندی ئەم خالّەبێت کە تەنها لەچوارچێوەی هۆ و ئەنجام و بەلّگە و سەرچاوە مێژووییەکان و گەڕان بەدوای زنجیرە هۆکارەکاندا هەولّی روونکردنەوەی رووداوەکان بدات، ئەمەش پرەنسیپێکی زانستیە، کەواتە رووداوەکات تا ئەو سنورە دەتوانرێت روونبکرێتەوە و پەیوەندی لەنێوانیاندا بدۆزرێتەوە، کە بەلّگەی مێژوویی و

هەبوونی زنجیرەیەك لەهۆ و ئەنجام بوار دەدەن، بەلاّم گەرهات و بەلّگەکان و زنجیرەی هۆ و ئەنجامەکان ونبوون و لەبەردەستدانەبن، ئەوە نابێت مێژوونووس بۆ روونکردنەوەی رووداوەکان پەنابباتەبەرپرسە میتافیزیکیەکان و لەچوارچێوەی (موعجیزە و رێکەوت) هەولّی شیکردنەوەی رووداو بدات، چونکە بەم کارەی سنوری زانستی مێژوو دەبەزێنێت.

مەسەلەی رێکەوت و بەخت، زۆرجار هەندێك لەبیرمەندان بەناوەرۆك و جەوهەری مێژوو لەقەلّەم دەدەن، بەهەرحالّ دۆسێی بەخت و رێکەوت لەگەلّ موعجیزە و شتی نائاسایدا دوورووییەك دراون و ئەم دراوە کاتێك دێتەنێوباس و خواسی مێژووییەوە کە قسەلە کاروبارێك بکرێت زنجیرەی هۆ و ئەنجامی دیارنەبێت یاخود لەبەردەستدا نەبێت، هەلّبەت بیرۆکەی رێکەوت (شانس) لەو ئەندێشەوە سەرچاوەی گرتوە کەپێی وایە، هەرشتێك لەژیاندا ئەگەری روودانی هەیە و سەدەها ئەگەری روونەداو لەم جیهانەدا هەیە و لەبەرئەوەی لەنێو ئەو سەدان ئەگەرەدا یەك ئەگەریان شانسی بەواقیع بوونی بۆ هەلّدەکەوێت کەوابوو ئەمە رێکەوتە.

دیوەکەی تری دراوەکە (موعجیزە و شتی نائاسای) ش لەو ئەندێشەیەوە سەرچاوە دەگرێت کە جیهان و سروشت و دیاردە و دەرکەوتوەکانی نێوی لەژێر هەژموون و هەیمەنەی کۆمەلّێك یاسا و رێسیای رێك و پێکدایە و ئەم یاساو رێسایانە سروشت و دیاردەکانی نێوی بەشێوازێکی ئاسایی ئاراستەدەکەن، بەلاّم گەرهات و شتێك روویدا بەدەرلەرێك و پێکی و بەپێچەوانەی یاسای سروشتەوە بوو، ئەمە دەبێتە بەلّگەلەسەر ئیرادەی رەهای ئەو هێزەی کەیاسا و رێساکانی جیهان و سروشتی بەدەستەوەیە و بەمەش دەگوترێت موعجیزە[١٢]

لێرەدا من بەو موعجیزەیەی کە (ئەهلی کلام) باسی دەکەن کارم نیە، بەلّکو زیاتر مەبەستم ئەو شتەیە یاخود ئەو دۆخە نائاساییەیەکەمێژوونووسان بە چەمکی موعجیزە گوزارشتی لێ دەکەن، بەلاّم لەبەرئەوەی باسەکەمان گەیشتە ئێرە ئاماژەیەکیش بۆ بیروڕای (ئەهلی کەلام) شتێکی خراپ نابێت، لای زۆربەی موسولّمانانی سادە موعجیزە هەر ئەو شتەیەکە قورئان لەبارەی کارەکانی موسا و عیسی و هەندێك لەپەیامبەرانی ترەوە گێڕاویەتیەوە و لەم بارەشەوە (دەدیسی پەیامبەر) روونکردنەوەی داوە و ئیدی پێویست بەلێکدانەوە و

روونكردنەوە ناكات بەڵام بەشێك لەفیرقە جیاوازەكانی ئیسلام جگەلە، حەشەویە، ظاهیریە و هەندێ لە ئەشاعیرەكان بواری لێكدانەوە و روونكردنەوەی زیاتریان داوە.

موحەممەدی غەزالی لەكتێبی (**المنقذ من الضلال**)دا پێداگری لەسەر ئەوە دەكات، كە بڕواهێنان و بەراست زانیینی پەیامبەرایەتی پێغەمبەران شتێكە و بەراست زانین و بڕواهێنان بە ئەژدیهاكردنی دارێك یاخود بە لەتبوونی مانگ شتێكی ترە، هەربۆیە لەیدی غەزالییەوە موعجیزە رێگایەك نییە بۆ گەیشتن بەپلەییەقین و ئیمان و موعجیزە دووشتی لەیەكدی جودان، زیادلەمەش هەندێك لەبیرمەندانی ئیسلام پێیان وایە موعجیزە تەنها بەڵگەی راستگۆی پێغەمبەر نییە، بۆ نموونە هەندێك لەهاوەڵان بێ ئەوەی داوای موعجیزە بكەن بڕوایان بەپێغەمبەر هێنابوو، لەكاتێكدا هەندێك لەموشریكەكان بڕوایان بە موعجیزە هەبوو، هەمیشە داوای موعجیزە و كاری نائاساییان لەپەیامبەر دەكرد، بەڵام هەرگیز بڕوایان بەپێغەمبەر نەكرد.

لەراستیدا موشریكەكان و بێ بڕواكات موعجیزەیان بەتەنها بەڵگەیەك دەزانی بۆ راستگۆیی پەیامبەران، ئەم بیرمەندانەی ئیسلام لەو بڕوایەدان كە گەرهات و كەسێكی بڕوادار موعجیزە رەدبكاتەوە و بڕوای پێ نەبێت، بەڵام بەمەرجێك بڕوای بەپەیامبەرایەتی هەبێت، ئەوا كافرنابێت، چونكە (كفر) بەدرۆخستنەوەی خودی پێغەمبەر و ناوەڕۆكی پەیامبەرایەتیەكەیەتی، نەوەك موعجیزە، تەنانەت موعتەزیلەیەكی وەك (**ثمامة بن الأشرس**) پێداگری لەسەرئەوە دەكرد كە پێغەمبەر پێویستی بە موعجیزە نیە، هەرئەوەندەی كە بانگەوازی پەیامبەرایەتیەكەی قبوڵكراوە و شەریعەتەكەی پەیڕەوی لێدەكرێت بۆخۆی جۆرێكە لەموعجیزە.

جگەلەمەش، دەستەیەك لەزانایانی (علم الكلام) بەپشت بەستن بەو ئایەتانەی كە بایە (سنت الله) و (خلق الله) و (حدود الله) دەكەن و بەوەی كەسونەتی خودا بەهیچ جۆرێك گۆڕان قبوڵ ناكات و (خلق الله)یش هەربەوجۆرە دەمێننەوە و ناڕۆنە فۆڕمی ترەوە و (حدود الله)یش نابێت ببەزێنرێت، موعجیزە و كاری نائاسایی بەپێویست نازانن سەبارەت بەراستێتی پێغەمبەران و پێیان وایە موعجیزە لەكردارە پێویستەكانی پێغەمبەر نییە و تەنانەت پێداگری لەسەر ئەوەدەكەن كە موعجیزە لەبنەڕەتدا بوونی نییە، چونكە كاری نائاسایی و موعجیزە بۆ خۆی واتە گۆڕان لەسونەتی خوداو گۆڕانی فۆڕمی (خلق الله) ئەمەش پێچەوانەی قورئانە،

لەراستیدا ئەوەی لەقورئاندا لەبارەی (آیت الله) وە وتراوە بەڵگەن لەسەر دەسەڵاتی رەهای (خالق)،نەك راستگۆیی پێغەمبەر بەشێوازێکی گشتی، بەشێك لەبیرمەندانی ئیسلام، تەنها قورئان بە موعجیزە دەزانن، بەهەرحاڵ ئێمە نامانەوێت بڕۆینە قوڵایی ئەم بابەتەوە لە ئیسلامدا، بەڵکو تەنها ویستمان ئاماژەیەکی کورت و خێرای بۆ بکەین.

ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە، ئەو کاروبارو رووداوانەیە، کە مێژوونووس ناتوانێت هۆکارێکی مەنتقی بۆ هەبوونیان یاخود روودانیان بدۆزێتەوە و ناچار لەچوارچێوەی ووشەی (موعجیزە)دا تەعبیریان لێدەکات، راستە ئەوەی کە بە (معجزات) ی پێغەمبەران ناودەبرێت هەندێك جار لەنوسراو گێرانەوە مێژووییەکاندا دەردەکەون و یان باسکراون، بەڵام دیدوبۆچوونی مێژوونووس لەمبارەیەوە جیاوازە بەبەراورد بەدیدگای (ئەهلی کەلام).

پێشینان و مێژوونوسانی کۆن زۆرجار رووداوێکیان بەموعجیزە وەسفکردووە کە نەیانتوانی وە بەئاسانی لەو رووداوە تێبگەن یاخود هۆکارەکانی دیاری بکەن، لەم سەردەمەشدا مێژوونووس هەندێکجار بۆ قسەکردن لەسەر ئەو واقیعانەی کەسەر سوڕهێن و گەورە دەکەون، چەمکی موعجیزە لەکاردەبات، چونکە بەهۆکاری سادە و ئاسایی روون ناکرێنەوە.

جگەلەمە، سەرکەوتن لەوپەڕی نائومێدیدا، گۆڕانکاریەکی چاوەڕوان نەکراو یاخود باشبوونی بارودۆخێك کەلەوپەڕی خراپیدا بووبێت کاروبارگەلێکن کە مێژوونووس بۆ روونکردنەوەیان بەپەیڕەوی کردن لەشێوەی دەربڕین و فیکری گشتی پەنادەباتەبەر ووشەی موعجیزە، زیادلەمەش، بەشێك لەمێژوونوسانی کۆن، باسیان لەدیاردە و دەرکەوتەیەك یان رووداوێك کردووە کە پێچەوانەی یاسای سروشت و دۆخی ئاسایی جیهان بووە، بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بکەین بۆ ئەو چیرۆکانەی تایبەتن بەهەواڵی پاڵەوانان و پێغەمبەران و قەدیسان، تەورات و ئنجیل بۆخۆیان لێوان لێون لەمجۆرە چیرۆکانە، لای زۆربەی موسوڵمانانیش ئەم جۆرە چیرۆکانە، کەپڕن لەکرداری موعجیزەئاسا رەواجییان هەیە، تەنانەت خەیاڵدانی گشتی و خۆش باوەڕی خەڵکی رەشۆك چیرۆکی ئێجگار سەیرتریان لەمەڕ لەدایکبوون و مردنی کەسانی وەك بودا، زەردەشت، لائوتسە و مەسیحیان دروستکردووە و تەواوی ئەو چیرۆکانەش لەژێرناوی (موعجیزە) دا کۆکراونەتەوە، ئەمەش بڕواپێکردنیان وەك حەقیقەت ئاسان دەکات.

موعجیزه و كاری نائاسایی بەچەشنێك لەگەڵ چیرۆك و داستانەكانی تایبەت بەمەسیحەوە یەكانگیربووە كەبۆ بەحەقیقەت زانینی ئەو داستان و چیرۆكانە شورای ڤاتیكان لە ساڵی ١٩٢٤ دا ناچار بڕیارێكی ئایینی دەركرد، كە هەركەسێك رووداني موعجیزە بەشتێكی نامومكین بزانێت و ئەو چیرۆكانە بەئەفسانە بژمێرێت كە موعجیزەی مەسیح دەگێڕنەوە، ئەوا كافرە و بەرنەفەرتی ئایینی دەكەوێت.

لەراستیدا زۆرێك لەمێژوونوسانی كۆن چەمك و مانای موعجیزەیان بۆ روونكردنەوەی بەشێكی زۆر لەرووداو و واقیعەكان بەكارهێناوە، ئەمەش وامان لێدەكات بڵێین موعجیزە وەك چەمكێك كە گوزارشت لە دۆخێكی نائاسایی دەكات، بەتەنها تایبەت نیە بە نووسراو و دەقە ئایینییەكانەوە،

بۆ نموونە كاتێك مێژوونوسێكی رۆما بەناوی (لیوی) یەوە دەیەوێت باسی كەوتنی رۆمای گەورەمان بۆ بكات، بەئاشكرا پەنادەباتەبەر موعجیزە و داستانێكی سەیر لەوبارەوە دەخولقێنێ، ئەو دەنوسێت ئەو كاتەی رۆما كەوتەبەر مەترسی، گایەك لەناوەڕاستی بازاڕدا كەوتە قسەو بەدەنگی بەرز گووتی : ئەی رۆمیەكان ئاگاداری خۆتان بن، یاخود مێژوونوسێكی تر بەناوی "پلینی" یەوە كاتێك داستانی لەسەركارلابردنی " تاركین" مان بۆ نەقڵ دەكات لەبەرئەوەی واقیعەی لەسەركارلابردنی ئەم فەرمانڕەوایە بەلای ئەم مێژوونووسەوە زۆر گەورەدەبێت، بۆیە دەنوسێت: (كاتێك تاركین لەفەرمانڕەوایەتی خوا، بەرۆژی نیوە رۆو لەنێوبازاڕدا سەگێك لە حەژمەتا كەوتەقسە و گفتوگۆكردن)، تاسیدۆسیش دەربارەی گەورەیی ئیمپراتۆری رۆم دەنووسێت (سپازینی گەورە و پایەدار، ئیمپراتۆری رۆمانی پیرۆز، بەئاوی موبارەكی دەمی خۆی كوێرێكی لەئەسكەندەریە چاك كردەوە) هەرهاوشێوەی ئەم داستان و چیرۆكانەش لەبارەی پادشایانی كۆنی فەڕەنساو بریتانیاش دەبینرێت.

لەراستیدا كەوتنەقسەی مانگا و سەگ و گوێدرێژ و باشبوونەوەی چاوێكی كوێر بەئاوی موبارەكی نێودەمی ئیمپراتۆرێكی رۆم، ئەفسانەن، جۆرێكن لەئەفسانە هەمووی ووتەی خورافی و پروپوچن، یاخود ئەم ووتانە هەرچیەك بن ناتوانن گێڕانەوەی مێژوویی بن، ئەمجارەیان دەبینین نووسەری ئەوداستان و چیرۆكانە، لەبەرئەوەی بڕوای بەئەفسانە كۆنەكان نیە، یاخودخۆی بەو

جۆره نیشاندەدات کەبڕوای پێیان نییە، دێت هەندێك چیرۆکی لەئەفسانە سەیرتر و هەندێك ڕووداوی لەڕووداوی نێوئەفسانەکان ناومومکین تر لەژێر ناوێکی تر و لەدووتوێی چەمك و مانایەکی تردا کە (موعجیزە) یە کۆدەکاتەوە، ئەمەش شانسی بڕواپێکردنی ئەم چیرۆکانە دەڕەخسێنێت، جگەلەمەش ئەوەی شانسی بڕواپێکردنیان وەك حەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگر زیاتر دەکات خۆش باوەڕی و سادە دڵی خەڵکی ڕەشۆکە.

بەمجۆرە دەبینین موعجیزە تایبەت نیە بەئایینە ئاسمانیەکانەوە، بەڵام ئەوە ڕاستەکە ئاینە ئاسمانێکان چەمکی موعجیزەیان پەرەپێدا و فراوانیان کرد، بەچەشنێك کەکاریگەری کردەسەر کولتوور و فەرهەنگە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و لەکاتێکدا هێشتا زهنیەتی خەڵکی ڕەشۆك بەئەفسانەکان سیخناخ بوون، موعجیزەشی هات بەسەرا، ئێمە پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوەکرد کە ئەفسانەکان حەقیقەتی ڕابوودوە دوورەکانیان تەماوی و لێڵ کردووە و بەمەش کاری مێژوونووسی ڕاستەقینەیان سەخترکردووە، لەڕاستیدا ئەمە لەبارەی (موعجیزەکانیشەوە) هەروایە بۆ نموونە گەورەترین موعجیزە لەجیهانی مەسیحیدا دەرکەوتنی خودی عیسایە، چیرۆك و حیکایەتی پڕ لەموعجیزە لەمەڕ دەرکەوتن و لەدایکبوون و مردن و لەخاچدانی مەسیحەوە هێندەزۆرە، حەقیقەتی کەسایەتی مێژوویی عیسا ئەگەر نەڵێن بەیەکجاری ئەوا سڕیوەتەوە و مێژوونوسانیشی لەگەڵ گرفتێکی گەورەدا ڕووبەڕوو کردۆتەوە.

بەهەرحاڵ، زۆرن.. ئێجگار زۆرن ئەو کەسانەی کە بڕوایان بەموعجیزە و ڕوودانی موعجیزە هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆشبەختانە ژمارەی ئەوانە کەم نییە کە باوەڕیان وایە یاساکانی سروشت تێکناچن و دۆخی ئاسایی و ڕەوتی ڕێك و پێکی جیهان بەهیچ جۆرێك ناگۆڕێت بۆ نارێك و پێکی و دۆخی نائاسایی، تەنها لەبەرئەوەی موعجیزەیەك ڕوودەدات... ! بەقەولی ڤۆلتێر: خودا، یاساکانی سروشت، کە گوزارشت لەقودرەت و ئیرادەی خۆی دەکەن، تێکنادات لەبەرخاتری ڕوودانی موعجیزەیەك.

ئەمیل لیترە لەدیدێکی ڕەخنەئامێزەوە دەڵێت : تاوەکو ئەو شوێنەی کەڕوون و ئاشکرابێت، لەسەرزەمینی واقیعداو بە بەرچاوی عەقڵیەتێکی ساغ و تەندروستەوە شتێك ڕووی نەداوە بەناوی موعجیزەوە، هەتا عەقڵی تەندروستیش بمێنێتەوە ڕوونادات، لەدیدی (دەیڤید هیوم) یشەوە

موعجیزه بریتیه لەناتەواوی و نارێك و پێكیەك كەلەیاساكانی سروشتدا روودەدات، مەبەست لەیاسای سروشت ئەو رەوتە ئاساییەی سروشتە كە مرۆڤ بەئەزموون كەشفی كردووە و بەزهنیەتی راهاتووە لەگەڵیدا، كەوابوو ئەگەر شتێك روویدا لەسروشتدا كە مرۆڤ نەئەوشتەی ئەزموون كردبوو و نەلەگەڵیشیدا راهاتبوو، نەچاوەڕوانی شتی وای كردبێت لەدۆخی ئاسایی سروشتدا، ئەوا راستەوخۆ مرۆڤ ئەم دیاردەیە بە ناتەواوی یاساكانی سروشت دادەنێت و پێیدەڵێت (موعجیزە) خۆ ئەگەر رووداوێك بەپێێ یاسای یاسای سروشت و بەوپێیەی كەمرۆڤ ئەزموونی كردبێت و زهنی لەگەڵیدا راهاتبێت رووبدات ئەوا بەمە ناگوترێت موعجیزە، بەلاّم لەپڕێكا بمرێت، ئەوا بەمە ناگوترێت موعجیزە، رەنگە تارادەیەك نائاسایی بێتەبەرچاو، بەلاّم موعجیزە نیە، چونكە:

یەكەم: زهنی مرۆڤایەتی ئەزموونی هاوشێوەی زۆرە و مرۆڤ دەهامەرگی لەو جۆرەی بینیەوە، دووەم : مردن یاسای سروشتەو بەپێی رەوتی ئاسایی سروشت روودەدات، بەلاّم گەرهات و مردوویەك زیندوو بوەوە، ئەوا بەمە دەگوترێت موعجیزە، چونكە :

یەكەم: نەزهنی مرۆڤایەتی لەگەڵ شتی واراهاتووە و نەئەزموونی شتی وای كردووە.

دووەم: زیندوو بوونەوەی مردوو پێچەوانەی یاسای سروشتە و لەرەوتی ئاسایی سورشتدا هیچ كات شتی لەوجۆرە روونادات.

كەواتە ئێستا بەپێی روانگەی (دەیڤید هیوم) دووبەڵگەی عەقڵی لەبەردەستدان بۆ گومان كردن لەروودانی ئەوشتەی پێدەگوترێت موعجیزە (١.ئەزموونی مرۆڤ،٢.یاسای سروشت بەوجۆرەی مرۆڤ لەگەڵیدا راهاتووە) لەبەرئەوەی مرۆڤایەتی لەهیچ قۆناغ و سەردەمێكدا، بەواقیعی ئەزموونی موعجیزەی نەكردووە و یاسامانی سروشتیش هیچ كات نارێك و پێكی تێنەكەوتوە (بەوجۆرەی كەزهنی مرۆڤ لەگەڵیدا راهاتووە)، بۆ نموونە سەگێك دەستبكات بەئاخاوتن و گفتوگۆ، یاخود مردوویەك زیندوو بێـتەوە، هەربۆیە دەتوانین بڵێین موعجیزە هیچ كات لەمێژووی واقیعی مرۆڤایەتیدا رووی نەداوە، هیچ مرۆڤێكی عاقڵ دەست ناكەوێت كەبەرمەبنای هەستەكانی و لەچوارچێوەی سروشتداو لەسەرزەمینی واقیعدا موعجیزەی بینیبێت و ئامادەبێت گەواهی لەسەر موعجیزە بدات، شتی لەمجۆرە هەرگیز نابێت، خۆ ئەگەركەسانێك

هەبوون گەواهی ئەوەیاندا کەموعجیزەیان بینیوە و پێداگری ئەوەیان کرد کە بڕوایان بەروودانی موعجیزە هەیە، ئەوا کاتێك ئەم گەواهی دانە پەسەند دەکرێت، کە عەقڵی تەندروست نەتوانێت پێچەوانەی بسەلمێنێت، ئێستا دەتوانین پرسیارێك بکەین، ئەگەر موعجیزە هیکات رووی نەداوە ئەدی ئەو هەموو چیرۆك و داستانانەچین کەباس لەموعجیزەدەکەن؟ لەوەلامدا دەتوانین بڵێین، مرۆڤ بەپێی سروشتی خۆی و بەپێی بارودۆخی مرۆیی خۆی، ئارەزوێکی سروشتی هەیە بۆ دۆخی نائاسایی و هەمیشە تامەزرۆ بووە بۆ بیستن یاخود بینینی حاڵەتی سەیر و بەدەر لەیاسای سروشت، لەراستیدا لەرووی دەروونیەوە مرۆڤ خۆی وەك دیلێك وێنا دەکات، بەواتا مرۆڤ دیلە لەنێو سنورەکانی عەقڵ و زیندانیە بەدەست توانای هەستەکانیەوە و دۆشداماوە بەدەست رەوتی ئاسایی سروشت و یاسارێکوپێکەکانی سروشت کە بەشێوازێکی رەها دەوری مرۆڤیان داوە، هەرئەمەش غەریزەیەکی سروشتی رچەشکێن لەمرۆڤدا دەخولقێنێت بۆ رەهایی بوون و پەڕینەوە بۆ ئەودیو سنورەکانی عەقڵ و بۆ ئەودیو تواناکانی هەست، غەریزەیەك کەوا لەمرۆڤ دەکات بیرلەروودانی شتگەلێك بکاتەوە کەپێچەوانەی یاسای سروشتبن، بەوپێیەی مرۆڤ لەرووی دەرونیەوە زوو بێزار دەبێت لەشتەدووبارە بوەکانی نێویاسای رێك و پێکی سروشت، هەربۆیە کەڵکەڵەی شتی سەیرو رووداوی موعجیزە ئاسای دەکەوێتەسەر، هەربۆیە سەیرنیە کە زۆرترین مرۆڤ ئارەزوویان لەو چیرۆك و داستانانەیە کە بەبڕێکی زۆر لەدرۆ و خورافیات بارگاوی کراون و لێوان لێون لەشتی پێچەوانەی عەقڵ و رووداوی موعجیزە ئاسا، بەراستی مرۆڤ چێژ لەجۆرە داستان و چیرۆکانە وەردەگرێت، چونکە ئەمە تەنها پەنجەرەیەکە لەنێوان رۆحی ماندوی ئەو جیهانی ئەو دیوسروشتدا، کەواتە هەرئەم غەریزە سروشتیەی مرۆڤ بۆ شتی نائاسایی بەسە بۆ ئەوەی دەیەهاوسەدەها چیرۆك و داستانی هەمەجۆر دروستبکرێت، کەپڕبن لەرووداو شتی موعجیزە ئاسا و خۆئەگەر پیرۆزی دەق و تێکستەئاینێکانیش بۆ زیاد بکەین، ئەوا مرۆڤ نەك هەر ئارەزووی ئەو داستانانە دەکات، بەڵکو لەدڵەوە ئیمانیشی پێ دێنێت و وەك حەقیقەتێکی رەها مامەڵەی لەگەڵ دەکات.

کەوابوو شوێنی روودانی موعجیزەکان خەیاڵدانی مرۆڤ و چیرۆکە خورافێکانن نەوەك سەرزەمینی واقیع، تامەزرۆیی مرۆڤ بەشتی سەیر و خۆش باوەڕیەکانی مرۆڤ، خولقێنەری

موعجیزەن، نەوەك ئەوەی کە نارێکیەك لەیاسای سروشتدا رووبدات و ببێتەهۆی خولقانی موعجیزە.

دەیڤید هیوم لەروانگەیەکی رەخنەگرانەوە دەڵێت : کاتێك مرۆڤ مێژووی کۆنی نەتەوەکان دەخوێنێتەوە، خۆی لەبەرامبەر جیهانێکدا دەبینێت کە یاساکانی سروشتی تێیدا زاڵ نییە و هەمووشتەکان لەدۆخێکی سەیر و نائاساییدا دەڕۆن بەرێوە، جەنگەکان، شۆڕش، برسیەتی و هەژاری، وشکەساڵی، تاعون و مەرگ هیچیان هۆکای سروشتی لەپشتیانەوە نابینرێت، بەڵکو هەموو ئەوانەو دەها دەردی دیکەش بەستراوەنەتەوە بەجیهانی میتافیزیك و سزای خوداوەند و لەچوارچێوەی موعجیزەدا گوزارشتیان لێکراوە.

چەندێك لەسەردەمی نوسینەوەی مێژوو نزیکتر ببینەوە و چەندێك بەقۆناغەکانی مێژوودا بچینەپێشێ، کەشف و کەرامات و رووداوی موعجیزە ئاساکەمتر دەبێتەوە، ئەمەش بەواتا عەقڵی تەندروست توانیویەتی سنورێك بۆ ئەم دیاردەیە دابنێت و جگەلەمەش، ئەمە بۆخۆی بەڵگەیەکە کە موعجیزە لەهیچ قۆناغ و سەردەمێکدا نەروویداوە و نەروودەدات.

هیوم دەڵێت : هەرلێکۆڵەرێك لەرۆژگاری ئەمڕۆدا داستان و چیرۆکە کۆنەکان بخوێنێتەوە، لەخۆی دەپرسێت رووداوی لەم چەشنە لەم سەردەمەدا بۆ روونادات، لەراستیدا بوونی ئەو هەموو درۆگەورانە و بوونی ئەو هەموو چیرۆکە خورافیانە، هیچ جێگەی سەر سوڕمان نیە، چونکە سەردەمانێکدا تەواوی ئەو داستانانە وەك بیر و بڕوایەکی ئایینی سەیردەکراو وەك حەقیقەتێکی رەها مرۆڤەکان بڕوایان پێی هەبوو.

بەهەرحاڵ، موعجیزە لەئەنجامی نارێك و پێکیەك دێتەبوون کەلەیاساکانی سروشتدا روودەدات، بەوپێیەی زهنی مرۆڤ لەگەڵ ئەم نارێك و پێکیەدا رانەهاتووە، هەربۆیە ناوی موعجزەی بەسەردا دادەبڕێت، لەبەرئەوەی نارێك و پێکی لە یاساکانی سروشتدا روونادات، کەواتە موعجیزە بوونی نیە، خۆ ئەگەر نارێکیەك رووبدات لەسروشتدا ئەوا دەتوانین بەواقیعەیەکی چاوەڕواننەکراو ناودێری بکەین نەوەك موعجیزە.

بابگەڕێینەوەسەر (رێکەوت و چانس) پێشتر ئاماژەمان بۆئەوەکرد کە لەجیهاندا دەیان و بگرە هەزاران ئەگەری جیاواز هەن و سەدان رووداوهەیە کەپێش بینی روودانیان دەکرێت، بەڵام

هەرئەوەندەی لەنێو ئەو هەزارەها ئەگەرەدا یەك ئەگەر شانسی بەواقیعی بوونی بۆ برەخسێ، ئەوا ئەم دیارەدەیە لەدیدی هەندێك کەسەوە بە (رێکەوت) نێودەبرێت، هەروەها ئەوەشمان ووت کە مێژوونووس لەبەرامبەر واقیعێکی لەپڕا وشەی (رێکەوت) بەکار دێنێت.

لەراستیدا بیرۆکەی (رێکەوت) و ئەوەی کەهەموو شتێك بەرێکەوت هەیەو بەرێکەوت رووداوەکان دروست دەبن، دەگەرێتەوە بۆ (دێمۆکراتس) و پەیڕەوانی بەلاّم لێرەدا کارمان بەسەر (دێمۆکراتس) و (دێمۆکراتسەکانەوە) نییە.

ئەوەی بۆ ئەم بابەتەی ئێمە گرنگ بێت بیرۆکەکانی (شێخ رئیس ابوعلی ابن سینا) یە لەمبارەیەوە، شێخ رەئیس پێی وایە هەندێك کاروبارهەن هەمیشەیین و بە بەردەوامی لەسەر زەمینی واقیعدا روودەدەن و هۆکاری رووادنیشیان پێویستبوونی رووادنیانە، بەواتایەکی تر رووادنی ئەو کاروبارانە پێویستیەکی حەتمین و دەبێت رووبدەن.

لەبەرامبەر ئەمەشدا هەندێك کاروباری ترهەن کەرووادنیان پێویست نیەو بەدەگمەن روودەدەن لەبارەی کاروباری دەستەی دووەمەوە دەتوانین پرسی (رێکەوت) بێنینە گۆڕێ، لەمێژوودا زۆرجار رووداو و دیاردەی جزئی روودەدەن یاخود دەردەکەون، کە نەرووادنیان پێویستیەکی حەتمی بووە و نەدەرکەوتنیان چاوەڕوانکراو بووە، بەلاّم لەهەمانکاتدا کاریگەریان لەسەر رەوتی مێژووهەبووە، بۆ نموونە لەکاتێکدا ئیتالّیا بەهۆی خزمەت و کارەجدیەکانی (کاڤۆرە) ەوە، رەوتی بەرەو پێشچوونی مێژوویی خۆی دەبڕی و بەسەختی گەلی ئیتالّیا پێویستیان بەخزمەتەکانی (کاڤور) هەبوو، هێشتا زۆرکار مابوو کە (کاڤور) ئەنجامی بدات، رێك لەئاوا کاتێکدا ئەوەی نەدەبوایە روبیدابایە روویدا (کاڤور) کە تەمەنێکی مامناوەندیشی دەبێت کۆچی دوای دەکات.

لەراستیدا مێژوونووس لەبارەی مەرگی ناوەختی (کاڤور)ەوە جگە لە وشەی (رێکەوت) ناتوانێت گوزارشتێکی دیکە بەکارببات، چونکە مردنی کاڤور لەو قۆناغەدا پێویست نەبوو، نەدەبوایە روویبدایە، بەلاّم روویدا و ئەم رووداوە جزئی کاریگەری گەورەی کردەسەر رەوتی مێژووی ئیتالّیا.

جگەلەمە (ئەگەرەکان) و بوونی (ئەگەر)ی جیاواز، کاریگەری خۆیان لەسەر رەوتی مێژوویی هەبووە، بۆ نموونە، ئەگەر لویسی شانزدەهەم کەسایەتیەکی بەهێزی هەبوایەو نەرم و نیانی نەنواندنبایە لەبەرامبەر یاخییەکانی فەرەنساو بەتوندی بەرخوردی بکردبا لەگەڵ شۆرشگێرەکاندا، رەنگە ناپلیۆن دەرنەکوتبایە و مێژووی ئەوروپای بەو ئاقارەدا نەبردبایە.

دەبینین لەنێوان دووئەگەری جزئیدا، ئەگەری سەرکەوتنی لویسی شازدەهەم و ئەگەری دەرکەوتنی ناپلیۆن، ئەگەری دووەم دەبێت بەواقیع و رەوتی مێژووی فەرەنسای دەکەوێتەدەست، رەنگە زریانێك یان باوبۆرانێك یاخود گۆرانێکی کتوپری کەش و هەوا ئەنجامی شەرێك بگۆرێت و بەدوایشدا مێژوو بەئاقارێکی تردا ببات، بۆ نمونە جەنگی (واتەرلۆ)، کەواتە دیاردەگەلی وەك رووداني شتێکی ناپێویست بەواقیع بوونی ئەگەرێك لەنێو ئەگەرەکاندا و گۆرانێکی کتوپری کەش و هەواو رووداوی جزئین، رێکەوتن بەدەگمەن روودەدەن، بەلام کارگەریان لەسەر رەوتی گشتی (کلی)مێژوو هەیە.

لەراستیدا لەبەرئەوەی مێژوو وەك کلیاتێك لەشارێگەی بەرەوپێشچوون و کامڵبوونی خۆیدا خاوەنی کۆمەڵێك یاساورێسای جەبری رەهانیەوەك سروشت، هەربۆیە رووداني شتی لاوەکی و بەرێکەوت لەرەوتی مێژوودا جێی دەبێتەوە، دەبێت ئەوەش بلێین کەرووداوەکانی مێژوو بێ هۆو بێ مەبەست نین، بەڵکو رووداني پێویستە بۆ بەرەوپێشچوونی مێژوو، مێژووش بۆخۆی خاوەن یاسای کلییەوە کۆمەڵێك رێسای جەبری و حەتمی هەیە، بەلام وەك وتمان یاساکانی مێژوو وەك سروشت رەهانین، بەڵکو رێژەیین، ئەزموونی مرۆڤیش کەسفی ئەو یاسایانەی مێژوودەکات و مێژوونوسیش وەك ئەرکێکی زانستی لەسەریەتی لەشتە (جزئیەکان)وە بگاتە (کلیات) و رەوتی گشتی و شارێگای بەرەوپێشچوونی مێژوو دیاری بکات.

ئێستاکاتی ئەوە هاتووە ئاماژەیەکی کورتیش بکەین بۆ پرسی (چارەنووس) یان (قەزاوقەدەر – وویستی خودایی) لەرووداوە مێژووییەکاندا، پێم وایە رونترین و شەفافترین بیرورا لەم بارەیەوە، بیروراي (لوی تۆڵستۆی) بێت.

کاتێك مێژوونووسانی فەرەنسا هۆکاری تێکشکانی سوپای فەرەنسایان لەشەری (بارادینۆ) لەبەرامبەر رووسیادا، گەراندەوە بۆ ئەوەی کە ناپلیۆن لەرۆژی شەرەکەدا تووشی نەخۆشی هاتووە

و نەیتوانی وە بەباشی رابەرایەتی لەشکرەکەی بکات، تۆڵستۆی کە بڕوای وابوو رەوتی رووداوەکان لەدەستی خودایە) لەوەلاّمدا پێداگری لەسەر ئەوەکردبوو کە ئەنجامی جەنگەکە و رەوتی رووداوەکان لەدەستی ناپلیۆن نەبووە، تاوەکو نەخۆشکەوتنی کاریگەری لەسەر شەڕەکە دابنێت.

تۆڵستۆی لەسەری دەڕوات و دەڵێت : لەراستیدا هیچ یەك لەدەستور و فەرمانەکانی ناپلیۆن بەو جۆرەی کەخۆی دەیویست پێدانەئەکرا، چونکە نەتوانراو نەدەکرا وەك خۆی پیادەبکرێ تەنانەت لەکاتی رووبەڕووبوونەوەکەشدا، ناپلیۆن بۆ خۆی نەیدەزانی چ ئەنجامێك چاوەڕوانی دەکات، تەنانەت ئەگەر بیشیزانیبا نەیدەتوانی بڕیاری هەڵوەشانەوەی شەڕەکەبدات، چونکە ئەوکات ئەگەری ئەوەهەبوو کەسەربازە شەڕکەرەکان و کەسە شەڕخوازەکانی نێو سوپاکەی لێیهەڵگەڕنەوە و بیکوژن، تەنانەت تۆلستۆی ئەوەشی بۆ زیاد دەکات کە ئەگەر ناپلیۆن خۆی وا هەستی دەکرد کە شەڕەکە بەفەرمانی ئەو دەچێت بەڕێوە، ئەوا سەخت لەهەڵەدابووە.

ناپلیۆن لەبەرئەوە جەنگی لەدژی روسیا راگەیاند، چونکە نەیدەتوانی لەبەرامبەر ئەو هۆکار و فاکتەرانە خۆی رابگرێت کە ئەویان پەلکێشی شەڕەکە کرد، بەواتایەکی تر چارەنووس ناپلیۆنی هێنایە نێو شەڕەوە لەگەڵ رووسیادا، هەربۆیە لەدیدی تۆڵستۆیدا تێکشکانی لەشکری هەشت سەدهەزاری فەڕەنسا، نەهەڵەو کەمتەرخەمی ناپلیۆن هۆکارێتی و نەزیرەکی و لێهاتووی تزاری رووس، چونکە هەم تزار و هەم ناپلیۆنیش یاریچەی دەستی چارەنووس و ویستی خودایی بوون، لەراستیدا ئەم جۆرە لەخوێندنەوە بۆ رووداوە مێژووییەکان کە هەموو هۆکارەکان دەبەستێتەوە بەگەمەی چارەنووس و ویستی خودایی یەوە، لەرووی زانستی مێژووییەوە بەهیچ جۆرێك پەسەند ناکرێت چونکە تێکشکانی فەڕەنسا لەشەڕی (بارادینۆ) دا دەگەڕێتەوە بۆ دەیان هۆکاری واقیعی تری وەك هۆکاری سەربازی و ستراتیژی و جوگرافی و ئابوری سیاسی، ئەوەشی چارەنووسی شەڕەکە دیاری دەکات جگە لەهۆکارەکان، ئیرادەی مرۆڤی رووسە نەك شتێکی تر.

ماوەتەوە بڵێین، ئەگەرچی رووداوەکانی مێژوو پەرتەوازە و جزئین، ئەگەرچی کاروبارگەلێك لەمێژوودا وەك رێکەوت دەردەکەون و بابەتەکانی مێژوو، رووداوە فەردی و لاوەکێکانی

رابووردن، بەڵام مێژووخۆی لەخۆیدا هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی هۆ و ئەنجام (علل و المعلول) لەنێوان رووداوەکاندا و کۆکردنەوەی تەواوی جزئیاتەکان لەبۆتەی یاسای کلیاتدا.

ئەمەش بەواتای ئەوەدێت کە مێژوو نووس لەشتەفەردی و لاوەکییەکان و لەجزئیاتی رووداوەکان رادەمێنێت و بەپەیوەندی هۆ و ئەنجام روونیان دەکاتەوە و سەر ئەنجام لەجزئیاتەوە دەگاتە کلیات.

بەم جۆرە، سەردەمانێك ئەرستۆ مێژووی بەوە پێناسەکردبوو کە: دەست و پەنجەنەرمکردنە لەگەڵ جزئیات و رووداوگەلێکدا کە روودانیان پێویست نیە، بەڵام لەراستیدا رووداوە مێژووییەکان ناپێویست نین، بەڵکو پێویستن و هەمووشیان هۆکار و مەبەستیان لەپشتە، بۆ بەرەوپێشەوەچوونی مێژوو، ئایا هەر ئەم پێناسەیەی ئەرەستۆ بەسبوو بۆ ئەوەی مێژوو بکرێتە دەرەوەی زانستەوە؟ نەخێر لەراستیدا بوون یاخود نازانستی بوونی مێژوو پەیوەست بەجۆری بەرخوردی مێژوونووس لەگەڵ شتەفەردی و جزئیەکاندا، خۆ ئەگەرهات و بەرخوردی مێژوونووس، بەرخوردێکی هیرۆدۆتانە بوو ئەوە حەق بە ئەرستۆیە کە تەنانەت شیعریش لەمێژوو بەفەلسەفیانەتر دابنێت.

لەراستیدا، هیچ یەك لەرووداوە مێژووییەکان رێکەوت نین، بەڵکو پێویستی و زەروریەتی مێژوویین و دەبێت رووبدەن، بەڵام ئەوەی وادەکات زەروریەتی مێژوو بەشێوازێکی رەها دەرنەکەوێت، کەمی زانیاری مرۆڤە لەوبارەیەوە، هەروەها بەوتەی ئیبن خلدون رێژەیی بوونی خودی زەرورەتە.

بۆ نموونە بەپێی زەروریەتی مێژوویی دەبێت فەرهەنگی دەشتەکی پێش بکەوێت و بگۆڕێت بۆ فەرهەنگی شارنشینی، بەڵام ئەگەرهات و ئەم گۆڕانە رووینەداو فەرهەنگی دەشتەکی بەهۆی رووداوێکەوە تیابچێت، ئەوە ئەمە ناتوانرێت بەرێکەوت دابنرێت بەڵکو تیاچونی ئەو فەرهەنگە دەشتەکیە بۆ خۆی زەرورێتێکە کە رەنگە مرۆڤ دەم و دەست دەرکی نەکات.

کەواتە رێکەوت لەمێژوودانیە، بەڵکو بەرخوردی زەرورەتە رێژەیی و جیاوازەکانە، کەوا دەکات زەرورەتێکی دیکە تیابچێت و زەرورەتێکی دیکە جێگەی بگرێتەوە، بۆ نمونە کۆمەڵێکی دیاریکراو ئامانجێکی دیاریکراو لە پێش دەگرن و تەواوی هۆکارەکان و وەسیلەکانی گەیشتن بۆ ئەو ئامانجە فەراهەم دەکەن، کەواتە زەرورەتێکی مێژوویی دەبێت ئەم کۆمەڵەیە بگەن بەئامانجەکانی خۆیان، بەڵام لەهەمانکاتدا کۆمەڵەیەکی دیکەهەمان ئامانجی کۆمەڵەییەکەم لەپێش دەگرن و هەموو ئامرازەکانی گەیشتن بەو ئامانجەش فەراهەم دەکەن.

کەواتە ئێستا دوو زەرورەتی مێژووی هەریەك بەكۆمەڵە هۆكار و ئامرازی خۆیەوە هەریەك بەئامانجی خۆیەوە، رووبەرووییەكدی دەبنەوە، ئاشكرایە ئەوەی تێكدەشكێ گوناهەكەدەخاتە ئەستۆی رێكەوت و شانس، بەلاّم لەراستیدا وانیە، بەڵكو تێكشكانییەكێكیان زەرورەتێكی مێژووییە بۆ سەركەوتنی ئەویتریان.

ئەو بارانەی كە لەشەوی (١٨) ژوئێنی ساڵی (١٨١٥ز) لەدەوربەری واتەرلۆ باری، بوو بەهۆی ئەوەی كە ناپلیۆن پۆ پاراستنی سەربازە ماندوو و تەڕبووەكانی، هێرش بۆسەر دووژمن دوابخات بۆ نیوەڕۆ، هەرئەم دواخستنەش كاتی تەواوی دەدات بەدووژمن تاوەكو یارمەتی پێست بگات پێیان و سەرئەنجام سوپای فەرەنسا كەدەیتوانی بەئاسانی سەربكەوێت، تێكشكا رەنگە لەدیدی ناپلیۆن و ژەنراڵ گرۆشی یەوە ئەم رووداوە بەرێكەوتێكی شوم لەقەڵەم بدرێت، بەلاّم پێچەوانەكەی راستە، چونكە بارینی باران زەرورەتێكی سروشتی بوو و دەبوایە بباریایە، هەروەها دەبوایە ناپلیۆن بۆ سەلامەتی سەربازەكانی هێرشكەری دوابخستبا و دووژمنیش بەسوود وەرگرتن لەكات یارمەتی بگەیەنێتەبەرەكانی شەڕ، هەموو ئەمانە دەبوایە روویان بدایە و هەموویان هۆكاری لۆژیكی و سروشتی خۆیان هەبوو، رووداني هەموویان زەرورەتێكی مێژوویی بوو، كەواتە لەمێژوودا یاساو بنەمایەك لەكارادایەو هیچ رووداوێكی مێژوو بێ هۆ و بێ مەبەست نییە و رووداني‌شی زەرورەتێكی مێژوونییە، مردنی (كاڤور) و كەوتنی (ئەمیركەبیر) رێكەوت نین، بەڵكو زەرورەتێكی مێژووین و دەبوایە روویاندابا.